# هاوسەرگیرییە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەتی بوەیهی (٣٣٤- ٤٤٧ک/ ٩٤٥-١٠٥٥ز)

**هۆشمەند اکرم مولود، هاوڕێ جبار حمدامین**

بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** بوەیهییەکان دوای ئەوەی توانیان دەستبەسەر خیلافەتی عەبباسیدا بگرن، دەوڵەتێکی بەهێزیان دامەزراند، پەیوەندی ئەم دەوڵەتە بەرامبەر هێزەکانی دەورووبەر لەسەر بناغەی شەڕ و ئاشتی وەستابوو، بۆ ئەم مەبەستە پڕۆژەی هاوسەرگیریی سیاسیان پەیڕەوکردووە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانیان، لەگەڵ هێز و میرنشینە هاوسنورەکانیاندا بپارێزن و بەهێزی بکەن.

ئامانجی توێژینەوە، دەرخستنی شێوازی هاوسەرگیرییە سیاسییەکانە، کەلە زۆر کاتدا ئەم هاوسەرگیرییە، ئامانجەکەی پێکاوەو ئاشتی بەرقەراربووە، لە هەندێکاتیشدا پەیوەندییەکان بەرەو هەڵدێر چوون و ئەم هاوسەرگیریە نەیتوانیوە ئاشتی بەرقەرار بکات. ڕێبازی توێژینەوە، لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی مێژوویی شیکاری بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بەبابەتی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە. بەمەبەستی ئەوەی بتوانین وردتر لە مەبەست و هۆکارو دەرئەنجامەکانی ئەم هاوسەرگیرییە سیاسییانە بگەین کە بوەیهییەکان ئەنجامیانداوە. دوای کۆکردنەوە و شیکردنەوەی سەرچاوەکان، گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێیگەیشتووە بریتین لە: هاوسەرگیریی سیاسی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو ئەنجامدەدرێ، لەنێوخۆی بنەماڵەی فەرمانڕەوا یاخود لەگەڵ هێزە هاوسنورییەکان. ئامەنجەکەی توندوو تۆڵکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایە، بۆئەوەی لە ڕێگای ئەمەوە ئامانجێکی دیاریکراوی خۆیان بەدەستبهێنن. سەنگ و هێزی دەوڵەتی بوەیهی لەناوچەکەدا وای لەخیلافەتی عەبباسی و هێزەکانی هاوسنووری دەوڵەتی بوەیهی کردووە. کە هاوسەرگیریی سیاسییان لەگەڵ ئەنجامبدەن، بەئامانجی دەستکەوتنی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا. بەڵگەیەکیشە بۆ هاوتایی و بەرامبەربوونی هێز، لەنێوان دەوڵەتی بوەیهی و ئەو هێزانەی کە هاوسەگیرییەکەیان لەگەڵ ئەنجامدراوە. هەر لەبەرئەمەش بووە زۆربەی هاوسەگیرییە سیاسییەکان لە شێوەی ژن بەژن بووەو بڕەمارەیەکی زۆریش بۆ کچەکان دانراوە. پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: هۆکارو پاڵنەرەکانی ئەم هاوسەرگیرییانە لە دەوڵەتی بوەیهیدا چیبوون؟ هەروەها کاریگەریی و لیکەوتەکانی ئەم هاوسەرگیرییانە چی و بەئەندازەی چەندبوون.

**کلیلە ووشە** - هاوسەرگیریی سیاسی، ژنان، بوەیهییەکان، خەلیفەکانی عەبباسی، میرەکان.

**پێشەکی:**

- ئەم توێژینەوەیە باس لە هاوسەرگیریی سیاسی دەوڵەتی بوەیهی دەکات، وەکو لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- شیکاری، کە شیکاری بۆ هاوسەرگیرییە سیاسییەکان دەکات و هۆکار و لێکەوتەو کاریگەرییەکانیان شیدەکاتەوە، لێرەدا ئەو هاوسەرگیرییە سیاسییانە خراونەتە بەرباس، کە میرانی بوەیهی ئەنجامیانداوە، چ لە ناوخۆی خۆیاندا بێت، چ لەگەڵ خەلیفەکانی عەبباسی و سەرکردەی هێز و میرنشینەکانی هاوسنوریاندا بێت.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازی ئەو ڕووداوە سیاسی و سەربازییانەیە، کە لەنێوان بوەیهییەکان و هێزەکانی هاوسنوریان هاتۆتەکایەوەو هاوسەرگیریی سیاسی بەدواداهاتووە، گرنگی ئەم هاوسەرگیرییانەش لەوەدابووە، کە بووە بەهۆی وەستانی شەڕ و بنیاتنانی پەیوەندی دۆستانە، ئەگەر بۆماوەیەکی کاتیش بووبێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** باسکردن لە هاوسەرگیریی سیاسی لە دەوڵەتی بوەیهی گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دیاردەیەکی سەرەکی ئەو سەردەمە بوو، جگە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکارێکی سیاسیش بوو، کە زۆربەی هاوسەرگیرییەکان دەرئەنجامی ڕووداوێکی سیاسی بوون، بۆ ڕێگرتن لە شەڕ و کێشە ئەنجامدراون، دەشێت ببنە گۆشەیەک بۆ توێژینەوە، هۆکار و لێکەوتەکانیان شیبکرێتەوە .

**سنورو ڕێبازی توێژینەوە:** سنوری توێژینەوەکە باس لە هاوسەرگیریی سیاسی دەوڵەتی بوەیهی لەنێوان ساڵانی (٣٣٤- ٤٤٧ک/ ٩٤٥- ١٠٥٥ز)، لەگەڵ ئەو هێز و میرنشینانەی کە هاوسەردەم و هاوسنوربوون، دەکات. لەم توێژینەوەیەدا بۆگەیاندنی مەبەست و شیتەڵکردنی بابەتەکە، پشتمان بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی- شیکاری بەستووە.

**ئاستەنگی توێژینەوە:** کە توێژینەوەیەکی لەم چەشنە ئاستەنگی جیاجیای دێتەپێش، دیارترینیان ئەوەیە کە مێژوونوسان بایەخێکی ئەوتۆیان بە لایەنی هاوسەرگیری نەداوە، پەرش و بڵاوی ئەو زانیاریانەن کە لەسەرچاوەکاندا سەبارەت بە هاوسەرگیرییەکان تۆمارکراون، کێشەیەکی تر کە هاتە پێشمان ئەوەبوو ئەو هاوسەرگیرییە سیاسییانەی کە تۆمارکراون، زۆرێکیان ناوی ژنەکانیان نەهاتووە، بەڵکو تەنها بە کچی فلان میر ناوی هاوە، ئەمەش وایکردووە ناوی چەندین ژنی بواری توێژینەوەکە بزربێت.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp32-42

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 22 أيار 2025؛ قُبل في 13 تموز 2025؛ نُشرت في 11 كانون الثاني 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : hoshmand.akram@koyauniversity.org, hawre.jabbar@koyauniversity.org

حقوق الطبع والنشر ©2026 هۆشمەند اکرم مولود، هاوڕێ جبار حمدامین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**ناوەرۆکی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لە دەروازە و چوار تەوەرەیی سەرەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت. لە دەروازەدا، لە دوو خاڵ هاوسەرگیری سیاسی و دەوڵەتی بوەیهیمان ناساندووە، تەوەرەیی یەکەمیش تەرخانکراوە بۆ هاوسەرگیریی سیاسی نێوان دەوڵەتی بووەیهی و خەلیفەکانی عەبباسی. لە تەوەرەیی دووەمدا، هاوسەگیریی سیاسی لەناوخۆیی بنەماڵەی بوەیهی لەگەڵ دەیلەمیەکانمان باسکردووە. تەوەرەیی سێیەم، باسمان لەو هاوسەرگیرییە سیاسییانە کردووە کە لەنێوان بنەماڵەی بوەیهی و میرنشینە کوردییەکاندا ئەنجامدراوە. تەوەرەیی چوارەمیشمان تەرخانکردووە بۆ هاوسەرگیریی سیاسی نێوان بوەیهی و میرنشینی سامانی و دەسەڵاتدارانی (بەطیحە) لە خوارووی عێراق و دەوڵەتی سەلجوقی.

**توێژینەوەکانی پێشوو:** چەندین توێژینەوە لە لایەن توێژەرانەوە لەسەر هاوسەرگیریی سیاسی نووسراوە. لەوانە پەرتوکی (الزواج السياسي في عهد الدولة العباسية) پەرتوکی (المصاهرات السياسية في العصرين الغزنوي والسلجوقي)، هەروەها توێژینەوەی (المصاهرات السياسية بين خلفاء العباسيين وسلاطين السلاجقة ٤٤٧- ٥٩٠ه/ ١٠٥٥- ١١٩٣م)، توێژینەوەی (کارکرد ازدوا جهای سیاسی در تنظیم روابط حکوم تهای متقارن از قرن 7- 4ق با تکیه بر تواریخ عمومی) توێژینەوەی (المصاهرات السياسية في الموصل ما بين القرنين 4-7 هـ-10-13م) بەڵام تاوەکو ئێستا توێژینەوەیەکی ورد بۆ ئەم بابەتە تەرخان نەکراوە.ب ۆیە لێرەدا هەموو ئەو هاوسەرگیرییە سیاسییانە خراوەتە ڕوو کە بوەیهییەکان لەگەڵ هێزە هاوسنوسییەکان و ڕکابەرەکانییان ئەنجامیانداوە.

**شیکرنەوەی سەرچاوەکان:** بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی ڕەسەن و ژێدەر (المصادر و المراجع) بەستووە. کە هەندێکیان زانیاری دەگمەن و بەنرخیان بە توێژینەوەکە بەخشیوە. پەرتوکی (تجارب الامم)ی (مسکویة مر: ٤٣١ک/ ١٠٣٠ز) یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەیە کەسوودێکی زۆرمان بۆ خستنەڕووی مێژووی سیاسی دەوڵەتی بوەیهی و ئەو هێزانەی کە هاوسەرگیرییان لەگەڵدا ئەنجامداوە بینیوە، ناوبراو خۆی هاوچەرخ و بینەری بەشێک لە هاوسەرگیرییەکان بووە. پەرتوکی (الکامل في التاریخ)ی (ابن الأثیر مر: ٦٣٠ک/ ١٢٣٢ز) لە گێڕانەوەکانی بە کورتی ئاماژەی بە هاوسەرگیرییە سیاسییەکان داوە.

## ٢- دەروازە: هاوسەرگیریی سیاسی و ناساندنی دەوڵەتی بوەیهی

### ٢-١- هاوسەرگیریی سیاسی

پێناسەی جۆراوجۆر بۆ هاوسەرگیریی سیاسی لەلایەن توێژەران کراوە، لەوانە: بریتییە: لەو هاوسەرگیرییەی لەنێوان پاشاو سەرۆکەکان ئەنجامدەدرێت، بۆ ئەوەی ببێتە پردی پەیوەندی نێوانیان وەک پاڵپشتییەک بۆ ناوەندی سیاسییان (نامق، ٢٠١٦، ٢٥) واتا ئامانجێکی سیاسی تێدا بەدیدەکرێت، یان بە ئامرازێک دادەنرێت بۆ ئامانجێکی سیاسی، بەو پێیەی کچەکە لە پرۆسەی هاوسەرگیریەکەدا هیچ بۆچوون و ویستێکی نەبووە، باوکی بۆ پشتیوانی لە پەیوەندییەکانی دەستی بۆ ئەمجۆرە چارەسەرییە بردووە (محي الدين و أخرون، ٢٠١٩، ٣١٣). لەگەڵ ئەمانەشدا، هەندێک لەم ژنانە ڕۆڵی کاراو کاریگەریان لە ئاڕاستەکردنی ڕووداوە سیاسییەکاندا گێڕاوە، تەنانەت هەندێکیان بەهۆی توانا تایبەتییەکانی خۆیان، بوونەتە دەسەڵاتدار و خاوەن بڕیاری گرنگی سیاسی.

هاوسەرگیری سیاسی لەپێناو بەرژەوەندی و مەبەستێکی دیاریکراودا ئەنجامدەدرێت (حمید، ٢٠٢١، ٣٢٢) لە مێژوودا لەناو شارستانییەتە دێرینەکاندا بوونی هەبووە، لەناو شارستانییەتی ئیسلامیش بەردەوام بووە و بەرەوی پێدراوە (البري، العزام، ٢٠١٥، ٣- ٥؛ سمسم، ٢٠١٤، ١٦١- ١٦٢). بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت دەستبەسەر ناوچەیەکدا بگیرێت، یان بۆگەیشتن بە کەسانی دەسەڵاتدار، یاخود بەدەستهێنانی بەرژەوەندی کەسی و تایبەت، یان بۆ بەدیهێنانی ئاشتییەکی سەرتاسەریی بەرفراوان، لە دوای شەڕکردن (عبد الحافظ، ٢٠٢٠، ١٢- ١٤؛ حمید، ٢٠٢١، ٣٢٢). لەڕاستیدا ئەم هاوسەرگیرییە لە هەموو کاتێکدا بە تەواوی ئامانجی خۆی نەپێکاوە، بەڵکو زۆرێکیان سەرکەوتونەبوون و بە چارەنووسێکی خراپ یان لێکجیابوونەوە (الطلاق) کۆتایی پێهاتووە (نامق، ٢٠١٦، ٢٥- ٢٦).

ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە پەیوەندی نێوان دوو کەس وەك ژن و مێرد نییە، بەڵکو پەیوەندی نێوان دوو خێزان و دوو بنەماڵەیە، بەڵام لە نەریتی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان لە نێوان دوو بنەماڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ بازنەیەکی فراوانتر لە نێوان دوو دەوڵەت یان دوو دەسەڵاتدار. بۆیە لەڕووی زاراوەوە، هاوسەرگیریی سیاسی، بریتییە لەو هاوسەرگیرییەی لەناو کۆشکی فەرمانڕەواکاندا ئەنجامدەدرێت، ئامانجی بنەڕەتیش هاوسەگیریانە ئەوەیە، سۆزی ئەم میرو سوڵتان و دەسەڵاتدارە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەهۆیەوە بتوانێت بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت (ضاحي، مصطاف، ٢٠٠٧، ١٢٣-١٢٥). بۆیە دەبینین ئەم هاوسەرگیرییانە، لەنێوان میر و پادشاو خاوەن دەسەڵاتەکاندا هەتا ڕادەیەک بەڵگەیە بۆ بەرامبەری و هاوتایی، ئەمە جگە لە ئاشتی سیاسیی نێوانیان، هەروەها دابینکردنی لایەنگیریی و پشتگیریی کردن بۆیەکتر (زەینەڵ، ٢٠١٢، ٣٣١).

### ٢-٢- دەوڵەتی بوەیهی

کاتێک باس لە هاوسەرگیریی سیاسی دەکرێت لە دەوڵەتی بوەیهیدا، بەگرنگی دەزانین ئەم دەوڵەتە بەشێوەیەکی کورت بناسێنین، بوەیهییەکان دانیشتوانی ناوچەی دەیلەم بوون، ناوکەیان بۆ (بویه بن فناخەسرو) دەگەڕێنەوە کە خاوەنی سێ کوڕ بوو، بەناوەکانی (علی، حسن و أحمد ) (ابن الأثیر، 1987، 7/87-88؛ ابن العبري، 1994، 279). سەبارەت بە بنەچەیان ڕای جیاواز هەیە، لەلایەك گەڕێنراونەتەوە سەر هۆزێکی عەرەبی بە ناوی (بني ضبه) کە گوایە کەسێك لە وڵاتی عەرەبەوە بە ناوی (باسل بن ضبه) کۆچی کردووە بۆ وڵاتی دەیلەم و لەوێ هاوسەرگیریی کردووە، پاشان نەوەی لێبۆتەوە و بوەیهییەکان نەوەی ئەون (ابن حزم الاندلسي، د.ت. ٢٠٣). لە لایەکی دیکەوە زۆرێك لە سەرچاوەکان بوەیهییەکانیان بە فارس داناوە، بنەچەیانیان گەڕاندۆتەوە سەر بنەماڵەی پاشایانی ساسانی (ابن الأثیر، 1987، 87/7؛ ابن العبري، 1994، 279؛ ابن الطقطقي، د.ت، 277؛ النويري، 2004، 93/26). بۆچوونی دووەم لە ڕاستییەوە نزیکترە، بەهۆی ئەوەی زۆربەی سەرچاوەکان ئەم بۆچوونەیان پشتڕاست کردۆتەوە، وە ئەو ناوچەیەی ئەوان تێیدا لەدایکبوون و ژیاون، لەنەتەوەی فارس نزیکتر بووە بەراورد بە نەتەوەی عەرەب، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە ژێر ڕاو و سەرنجە جیاوازەکاندا، ناتوانرێت ڕەگەزی بوەیهییەکان بە تەواوی دیاریبکرێت، تەنها ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەوان نەتەوەیەکی دەیلەمی بوونو لە وڵاتی فارس نیشتەجێببوون.

سەبارەت بە بیر و باوەڕی ئاینییان، دەیلەمییەکان و لەناویشیاندا بوەیهییەکان لە سەر ئاینی زەردەشتی بوون، بەڵام دوای هاتنی بانگخوازی شیعەی زەیدی بۆ وڵاتەکەیان، لەسەردەستی (حسن بن علی) ناسراو بە (ئەتروش)، لەسەر ڕێبازی شیعەی زەیدی موسڵمان بوون (مسکویه، 2003، 30/1؛ الذهبي، ١٩٩٢، ٢٣/ ١٥؛ محمد، 2019، 43). هەرسێ برا دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیان دەوڵەتێك دابمەزرێنن، لە ساڵی (334ك/945ز) دەستبەسەر دەوڵەتی عەبباسیدا بگرن (مسکویه،

2003، 275/5). خەلیفەکانی عەبباسی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان لە دەستدا، تەنها وەك هێمایەکی ئایینی، مانەوە، دەسەڵاتی ڕەها و کاریگەر کەوتە ژێردەستی بوەیهییەکان، توانیان زیاتر لەسەدەیەک حوکمڕانی بکەن (ابن العبري، 1994، 291؛ الطائي و العنبكي، 2020، 15).

## ٣- تەووەرەیی یەکەم: هاوسەرگیریی سیاسی بنەماڵەی بوەیهی و خەلیفەکانی عەبباسی

### ٣-١- یەکەم: هاوسەرگیریی سیاسی لەگەڵ خەلیفە (الطائع الله 363-381ك/974-991ز) دا

لەسەرەتای دەستبەسەرداگرتنی خیلافەتی عەبباسی لایەن بوەیهییەکانەوە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ناسەقامگیر، لەنێوان میرە بوەیهییەکان و خەلیفەکان دەستپێیکرد، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بوەیهییەکان لە بنەڕەتدا ڕێزیان لە خەلیفەی عەبباسی نەدەگرت و خوازیاری ئەوەبوون کە خۆیان ببن بە خەلیفە، بەڵام ئەوەی ڕێگربوو لە بەردەمیاندا جیاوازی ڕەگەز، ئایینزا و ڕەچەڵەك و بنەماڵە بوو، چونکە ئەو کەسەی دەبوو بە خەلیفەی عەبباسی دەبوایە سەر بە هۆزی قورەیشی و بەتایبەت بنەماڵەی عەبباسی و ئایینزای سوننی بێت، ئەگەرچی وەك ئاشکرایە بوەیهییەکان نەك سەر بە بنەماڵەی عەبباسی نەبوون، بەڵکو هەر لە ڕەگەزدا لە نەتەووەی عەرەب نەبوون و لە ئایینزاشدا سوننی نەبوون.

بۆیە تاکە ڕێگە لەبەردەمیاندا پەنا بردن بوو بۆ هاوسەرگیریی لەگەڵ خەلیفەکانی عەبباسی، هەتا لەم ڕێگەیەوە بتوانن بە تەواوی دەستبەسەر خیلافەتدا بگرن و بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوەی ببەن، یاخود ڕۆژێك لە ڕۆژان یەك لە نەوەکانیان بکەن بە خەلیفە، بە شێوەیەك لە شێوەکان خیلافە بۆ بنەماڵەی خۆیان بگوازنەوە (ابن الأثير، 1987، 390/7؛ نژاد، پات، ١٤٠٠ ه.ش، ٣٦).

بوەیهییەکان دووجار ژنییان بە خەلیفە (الطائع الله) داوەو یەکەم هاوسەرگیریی سیاسی کە ئەنجامدراوە، دوای ئەوەی لەساڵی (363ك/974ز)دا، خەلیفە دەسەڵاتی گرتەدەست، دوای یەك ساڵ لە فەرمانڕەوایەتی و لە ساڵی(364ك/975ز) دا، ناوبراو هاوسەرگیریی لەگەڵ (شاه زنان) کچی میر (عزالدوله بختیار- 356-367ك/967-977ز) دا کرد، کە یەکێك بوو لە میرە بوەیهییەکان. بە ڕێژەی مارەیی (100000) سەد هەزار دینار، مارە بڕینەکە لەلایەن (قاضی أبو بکر بن قريعة) ئەنجامدرا (ابن الجوزي، 1992، 236/14؛ الذهبي، 1999، 331/1؛ ابن العماد، 1979، 47/3). دوای دوو ساڵ لە مارە بڕین، ئینجا ڕێوڕەسمی گواستنەوە ئەنجامدرا و (شاه زنان) درا بە خەلیفە (الطائع) (ابن الجوزي، ١٩٩٢، ١٤/ ٢٤٧).

ئەم هاوسەرگیرییانە لە هەردوولاوە جێی بایەخ و گرنگی پێدان بوو، هەردوولا هۆکاری خۆیان هەبووە بۆ ئەنجامدانی، لە لایەنی میر (بختیار) دەتوانین بڵێین جگە لە خواستی تێکەڵبوون لەگەڵ بنەماڵەی عەبباسی و مسۆگەرکردنی پاڵپشتیکردن لەلایەن سونەکان و خستنەوەی نەوەیەك بۆی کە شەرعیەتی بە خەلیفەبوونی هەبێت، و بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە بەرامبەر میرە ڕکابەرەکانی لە بنەماڵەی بوەیهی، ئەم کارەیان بەباش زانیووە. لە لایەن خەلیفە (الطائع) یش بە هەمان شێوەی میرانی بوەیهی خوازیاری ئەم هاوسەرگیرییە بووە، هەتا لەم ڕێگەیەوە خۆی لە شەڕ و ئاژاوەیان بە دوور بگرێت (نژاد، پات، ١٤٠٠ه. ش، ٣٥-٣٦) چونکە هەردوو خەلیفەی پێشوو (المستكفي بالله 333-334ك/944-945ز، المطيع الله 334-363ك/946-974ز) بە تەواوەتی کەوتبوونە ژێردەستی بوەیهییەکان و تەنها بەناو دەسەڵاتداربوون، ئەگینا لە هەموو دەسەڵاتێك داماڵدرا بوون و شکۆیان لەدەستدابوو، تەنانەت خەلیفە (المستكفي) لەلایەن بوەیهییەکانەوە بە توندترین شێوە لە تەختی خیلافەت لادرا و لە دەسەڵات دوورخرایەوە، ئەویش دوای ئەوە هات، لە ساڵی (334ك/945ز)دا دوای گەیشتنی (معزالدولة 334-356ك/945-967ز)ی بوەیهی بە بەغداد، (علم القهرمانة) کە یەکێکبوو لە کەنیزەکە تایبەتەکانی خەلیفە، مەراسیمێکی ڕێکخست، تیایدا سەرجەم دادوەر و میر و کاربەدەستانی بەغدادی بانگهێشتکردبوو، لەناویاندا (معزالدولة) و دار و دەستەکەشی ئامادەبوون، بەڵام ئاماژە بەوەدەکرێت کە ناوبراو وا گومانی بردووە ئەو کەنیزەکەی پیلانێکی لە ژێرسەردایە، هەربۆیە تۆمەتی ئەوەی خستەپاڵ، کە گوایە دەیەوێت بە پیلانێك ئەو لە دەسەڵات لابدات و بەیعەت و دەسەڵات بۆ خەلیفە بگێڕێتەوە (مسكويه، 2003، 276/5؛ ابن العمراني، 1363ش، 142؛ ابن الأثير، 1987، 206/7). لە ئەنجامدا (معزالدولة) کاردانەوەی نواند و فەرمانیکرد کە خەلیفە دەستگیربکەن، دووکەس لەکەسە نزیکەکانی ناوبراو بەرەووڕووی خەلیفە چوون، هەرچەندە ئەو پێیوابوو دەستی ماچدەکەن، بۆیە دەستی بردە پێش بۆیان بەڵام بە پێچەوانەوە بەتوندی پەلاماری خەلیفەیاندا و مێزەرەکەیان لە ملی ئاڵاند و بە ڕاکێشان بردیان بۆلای (معزالدولة) (مسكوية، 2003، 276/5؛ ابن العمراني، 1363ش، 142؛ ابن الطقطقي، د.ت، 287). ناوبراو تەنها بە دەستگیرکردنی خەلیفە نەوەستا، بەڵکو هەردوو چاوی کوێرکرد و لە خەلیفایەتی خست، بەندیکرد و ئازاد نەکرا، لەساڵی (338ك/949ز)دا لە بەندیخانە کۆچی دوایی کرد. دوای دەستگیرکردنی خەلیفە، بوەیهییەکان کەوتنە تاڵانکردنی کۆشکی خیلافەت و هەرچی ماڵ و سامانی خەلیفە بوو تاڵانیانکرد. ئینجا (معزالدولة) کەسێکی دیکەی بە ناوی (أبو قاسم الفضل بن مقتدر) کە ناسناوی (المطيع الله) بوو کردی بە خەلیفە (مسكويه، 2003، 276/5؛ ابن الأثير، 1987، 207/7؛ ابن الطقطقي، د.ت، 287؛ الذهبي، 1999، 306/1).

(معزالدولة) بە چەند هۆکارێکی سیاسی و ئایینی خەلیفەی دەستگیرکردووە، بۆ لایەنە ئایینییەکە، ئاماژە بەوە کراوە کە لەوکاتەدا خەلیفە سوکایەتی بە زانایەکی شیعی کردووە کە پلە و پایەکی بەرزی لە بەغداد هەبوو، (معزالدولة) بەوە توڕەبووە، کە خەلیفە ڕێزی ئایینزا و هاوئایینزاکانی نەگرتووە (الذهبي، 1999، 306/1). هۆکارێکی تر لە ڕووی سیاسییەوە ئەوەبوو، لەو کاتەدا (معزالدولة) لە جەنگدابووە لەگەڵ (حەمدانییەکان)، جا گوتراوە خەلیفە (المستكفي) لەگەڵ (ناصرالدولة)ی حەمدانی لە پەیوەندیدا بوو، زانیاری نهێنی لەبارەی جووڵە سەربازییەکانی سوپای بوەیهی پێداوە، کاتێکیش (معزالدولة) بەم پەیوەندییە نهێنییەی زانیوەو خەلیفەی دەستگیرکردووە (المسعودي، 2005، 295/4؛ الصاعدي، 1990، 72).

لە دوای خەلیفە (المستكفي)یش کە (المطيع الله) بوو بە خەلیفە بە تەواوەتی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی لە دەستدابوو، وەك هێمایەك مایەوە، لەسەردەمی ئەودا وەزیری خەلیفە بوونی نەما، کارمەندێک هەبوو کە کاروبارە تایبەتییەکانی بۆ بەڕێوەدەبرد، (مسكويه، 2003، 277/5؛ ابن العبري، 1994، 291؛ ابن الطقطقي، د.ت، 288). کەواتە ئەگەر ئەمە بارودۆخی خەلیفەکانی پێش خۆی بوویێت، جێی خۆیەتی خەلیفە (الطائع) هەوڵی نزیکبوونەوەی لەگەڵ بوەیهییەکان دابێت و پەنای بۆ هاوسەرگیریی سیاسی بردبێت، هەتا لەو ڕێگەیەوە دۆستایەتییان بەدەستبهێنێتو خۆی لە شەڕ و ئاژاوەیان بپارێزێت.

جگە لەمجارە، ناوبراو جارێکی دیکەش هاوسەرگیریی سیاسی لەگەڵ میرە بوەیهییەکان ئەنجامدەداتەوە، ئەمەش دوای ئەوە هات کە (عضد الدولة 338-372ك/946-980ز) ی بوەیهی لە ساڵی (366ك/977ز) دا، بوو بە گەورەترین میری بوەیهی و تەواوی دەسەڵاتەکان کەوتنە ژێردەستی، توانی (عزالدولة بختيار)ی ئامۆزای تێکبشکێنێت و

خیلافەت و دەوڵەتی بوەیهی بخاتە ژێردەستی خۆی (مسكويه، 2003، 426/5-433). لەساڵی (369ك/980ز)دا خەلیفە (الطائع) هاوسەرگیری لەگەڵ كچی (عضد الدولة)دا كرد، ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەكە بەئامادەبوونی خەلیفە (الطائع)و دادوەران و شایەتحاڵەكان بەڕێوەچوو، ئەوەی بووە بریكاری (عضدالدولة) لەو هاوسەرگیرییەدا (ابو علي الحسن بن احمد الفارسي) بوو، ئەو كەسەی كە بووە بریكاری خەلیفە و مارەبڕینەكەی ئەنجامدا (أبو علي الحسن بن علي القاضي التنوخي) بوو (ابن الجوزي، 1992، 271/14-272؛ ابن تغري بردي، 1935، 135/4) .

سەبارەت بەبڕی ئەو پارەیەی وەك مارەیی هاوسەرگیرییەكە دانرا، بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، لەمبارەیەوە بەشێك لە مێژوونووسان بە سەد هەزار دیناریان داناوە (ابن الأثير، 1987، 390/7؛ ابن كثير، ١٩٩٨، ١١/ ٣٣٥؛ صديق، ٢٠٢٤، ٥٦).). (ابن تغري بردي مر: 874ك/1470ز) بە دووسەد هەزار دیناری داناوە (1935، 135/4). ئەگەرچی (ابن الجوزي مر:597ك/1200ز) بە تەواوی دیاری ناكات كە ئایا لەو دوو بڕە پارەیەی وەك مارەیی هاوسەرگیرییەكە دانراوە، كامیان ڕاستە (١٩٩٢، ١٤/ ٢٧٢). دوای یەک ساڵ لە مارە بڕینەكە لەساڵی (٣٧٠ك/ ٩٨١ز) ڕێوڕەسمی گواستنەوەكە ئانجامدرا (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٣٧٩).

لە باسكردنی هۆكارەكانی ئەم هاوسەرگیرییە، لە هەردوو لا ئامانج و مەبەستدار بووە. سەبارەت بە هۆكاری خەلیفە (الطائع) بۆ ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە دەتوانین بڵێین، بەهۆی ئەو سەركەوتنانەوە بوو كە (عضدالدولة) لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی بەسەر (عزالدولة)ی ئامۆزای دا بەدەستیهێنابوو (مسكويه، 2003، 426/5-433). كە ببووە بەهێزترین میری بوەیهی، خەلیفە (الطائع)یش بۆ خۆبەهێزكردن و خۆنزیككردنەوە و خۆپاریزی لە شەڕی ناوبراو ئەم كارەی ئەنجامدا.

ئەگەرچی هۆكاری ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە و پێدانی كچەكەی بە خەلیفە لەلایەن (عضدالدولة)وە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە خوازیاری زەوتكردنی پۆستی خەلیفە، بۆ یەكێك لە نەوەكانی خۆی بوو لە داوڕۆژدا، بۆ زیاتر كۆنترۆڵكردنی خیلافەی عەباسی، لە ژێردەستی خۆیدا و بەڕێوەبردنی بە ئارەزووی خۆی. هەروەكوو مێژوونوسێك ئاماژە بەوە دەكات و دەڵێت: مەبەستی (عضد الدولة) لەم هاوسەرگیرییەدا، ئەوە بوو كچەكەی كوڕێكی بۆ بهێنێتە دونیا تا ببێتە جێنشینی خەلیفە و خیلافەت بۆ بنەماڵەكەی بگوازێتەوە (ابن الأثير، 1987، 390/7).

ئەوەی جێی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەركردنە ئەوەیە، سەرەڕای بە ئاگایی هەڵسوكەوتكردنی خەلیفە (الطائع) لەگەڵ بوەیهییەكان و خۆنزیككردنەوەی لێیان و هاوسەرگیریكردن و تێكەڵابوونی كۆمەڵایەتی لەگەڵیان، نەیتوانیوە خۆی لە شەڕ و ئاژاوەیان بپارێزێت، دواجار ئەویش بە هەمان شێوەی خەلیفە (المستكفي) لەلایەن خودی بوەیهییەكانەوە لەتەختی خیلافەت هێنرایەخوارەوە. لەساڵی (381ك/991ز)دا (بهاء الدولة 379- 403ك/ 989-1012ز)ی بوەیهی خەلیفە (الطائع)ی لە دەسەڵات لابرد و خەلیفە (القادرباالله 381-422ك/ 991-1031ز)ی لە شوێنی دانا. بە وتەی مێژوونوسان (بهاء الدولة) بە دوو هۆكاری جیاواز ئەم هەنگاوەی ناوە، هەندێكیان دەڵێن هۆكارەكەی ئەوە بووە، كە ناوبراو لەوكاتەدا باری دارایی لاواز بووە، یەكێك لەكەسە نزیكەكانیشی بەناوی (أبو الحسن بن معلم) دەستگیركردنی خەلیفە و دەستكرتن بە سەر ماڵ و داراییەكەیدا بۆ ڕازاندەوە، (بهاء الدولة)ش كارەكەی ئەنجامدا (البغدادي، 2004، 79/11؛ الروذراوري، 2003، 6/ 123-124؛ ابن الأثير، 1987، 449/7). هەندێكی تر هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، لەمكاتەدا خەلیفە (الطائع) (أبو الحسن بن معلم) كەسایەتی نزیك لە (بهاء الدولة)ی دەستگیركردووە، لە بەرامبەردا ناوبراو هەڵوێستی پێچەوانەی نواند و خەلیفەی دەستگیركرد (الذهبي، 1999، 341/1؛ السيوطي، 2003، 324؛ ابن العماد، 1979، 97/3-98). وێڕای بە ڕاستدانانی بۆچوونی هەریەك لەم مێژوونووسانە، لە بنەڕەتدا بوەیهییەكان خۆشیان لە خەلیفەكان نەهاتووە، بۆیە هیچ هەنگاوێك تەنانەت هاوسەرگیریی سیاسیش نەیتوانیوە ئاشتی لە نێوانیاندا بەرقەراربكات و خەلیفەكان لە دەستدرێژی بوەیهییەكان بپارێزێت .

### ٣-٢- دووەم: هاوسەرگیریی سیاسی لەگەڵ خەلیفە (القادر باللة 381-422ك/ 991-1031ز)دا

هاوسەرگیریی سیاسی نێوان بنەماڵەی بوەیهی و عەباسی تەنها لە سەردەمی خەلیفە (الطائع)دا نەبوو، بەڵكو سەردەمی خەلیفە (القادر)یشی گرتەوە، خەلیفە هاوسەرگیریی لەگەڵ كچی (بهاء الدولة)دا ئەنجامدا. ئەم هاوسەرگیرییە دوای ئەوە هات كە خەلیفەی پێشوو بەدەستی (بهاء الدولة) كۆتایی بەدەسەڵاتی هات و خەلیفە (القادر) لەشوێنی دانرا (الروذراوري، 2003، 123/6؛ الاصفهاني، 2003، 283؛ نژاد، پات، ١٤٠٠ هـ. ش، ٣٦). هێز و دەسەڵاتی ئەو میرە بە شێوەیەكی بەرچاو زیادیكرد، لەوەدەچێت خۆی بەسەر خیلافەتدا زاڵكردبێت، بێگوێدان بە خەلیفە دەسەڵاتی بەڕێوەبردبێت (ابن الطقطقي، د.ت، 291؛ حسن، 1996، 60/3). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە خەلیفە بۆ خۆنزیككردنەوە لە ناوبراو و دووركەوتنەوە لە ناكۆكی و خۆپاراستن لەهەمان چارەنوسی خەلیفەی پێشوو، ئەم هاوسەرگیرییەی بەباش زانیوە، سەبارەت بە (بهاء الدوله)ش، لەوە دەچێت هەمان ئەو هۆكارانەی هەبووبێت، كە میرەكانی پێش خۆی لە ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەكاندا هەیانبوو.

گرێبەستی هاوسەرگیرییەكە لەساڵی (383ك/993ز)دا لەنێوان خەلیفە (القادر) و (سكينة)ی كچی (بهاء الدولة)دا لەسەر مارەیی سەد هەزار دینار ئەنجامدرا (الروذراوري، 2003، 153/5؛ ابن الجوزي، 1992، 366/14؛ نژاد، پات، ١٤٠٠ هـ. ش، ٣٦) ئەگەرچی وەك باسكراوە ئەم هاوسەرگیرییە نەگەیشتە پرۆسەی گواستنەوە، چونكە خاتو (سكينة) بەر لەم پرۆسەیە كۆچی دوایی كرد (الروذراوري، 2003، 153/5) .

## ٤- تەوەرەی دووەم: هاوسەرگیریی سیاسی ناوخۆیی بنەماڵەی بوەیهی و دەیلەمیەكان

### ٤-١- یەكەم: هاوسەرگیریی سیاسی ناوخۆیی بنەماڵەی بوەیهی

هاوسەرگیرییە سیاسسەكانی دەوڵەتی بوەیهی تەنها لەگەڵ خیلافەتی عەباسی نەبووە، بگرە لە ناو خێزانی خۆشیاندا لە بەر بەرژەوەندی پەنایان بۆ بردووە، ئەمەش بۆ ئەو ناكۆكیە ناوخۆییانە دەگەڕایەوە كەلە ناو میرانی ئەم دەوڵەتەدا هەبوو بۆیە پەنا بۆ هاوسەرگیریی سیاسی براوە، هەتا لەو ڕێگەیەوە بتوانن ئاشتی بەرقەرار بكەن.

دەوڵەتی بوەیهی یەك لەو دەوڵەتانە بوو كە زۆرترین ناكۆكی ناوخۆیی لەنێوان میرەكانیدا هەبوو، چونكە خاوەنی سیستمی ناوەندی، یەك فەرمانڕەوا و یەك دەسەڵات نەبووە، خاوەنی پایتەختێكی یەكگرتوو بۆ هەموو دەوڵەت نەبوو، بەڵكو ناوچەكانی دەوڵەتەكە دابەشكراوبوو بەسەر میرەكانیدا، بە شێوەیەك كام ناوچە بەهێزترین میری لێبوایە، ئەم ناوچەیە قورسایی هێزی بوەیهی تێدا كۆدەبووەوە، وەكو ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبینرا، هەرچەندە بەغداد بەلایانەوە گرنگترین بنكە بووە، بۆیە ململانێیان بوو لەسەر ئەوەی كامیان بەغدادی لەژێر دەسەڵاتدابێت ئەو سەنگ و قورسایی زیاتر بوو (لين بوول، 1968، 135-137؛ هەروتی، 2008، 138). كاتێك دەوڵەت بەم شێوەیە دابەشكراوبێت بەسەر میرگەلێكدا، بێگومان ناكۆكی ناوخۆیی بەتوندی لەنێوانیاندا

سەرهەڵدەدات، بەتایبەت کاتێك بەهێزترین میر دەمرێت، زۆربەی میرەکانی تر دەکەونە کێبڕکێ و ململانێ هەتا بتوانن جێگای بگرنەوەو دەستبەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بگرن. بۆیە دەبینین کاتێك (معزالدولة) مرد، کێشە و ناکۆکی توند کەوتە نێوان هەردوو ئامۆزا (عزالدولة بختیار و عضد الدولة) لەسەر دەسەڵات و فەرمانڕەواییکردنی ناوچەکانی ژێردەستی کۆچکردوو (ابن الأثیر، 1987، 7/350-351). کەوایە لێرەوە هەتا ڕووخانی ئەم دەوڵەتە، ناکۆکی توند لەنێوان میرەکان دەستپێدەکات.

کاتێك میر (بهاء الدولة) لەساڵی (403ك/1012ز)دا مردووە، ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی بەسەر کوڕەکانیدا دابەشبووە، کە (جلال الدولة 416-435ك/1025-1034ز) کوڕی، ناوچەی بەسرەی بەرکەوت (ابن الأثیر، 1987، 8/77). هەروەها کاتێك لەساڵی (415ك/1024ز)دا (سلطان الدولة 403-415ك/1012-1024ز)ی برای (جلال الدولة) مرد، ناوچەی فارس کەوتە ژێردەسەڵاتی کوڕەکەی بەناوی (أبی کالیجار) (ابن الأثیر، 1987، 8/144-145). لەلایەکی تر کاتێک (مشرف الدولة 412-416ك/1021-1025ز) لەساڵی (416ك/1025ز)دا مرد. لەدوای ئەو وتار بۆ (جلال الدولة) برای خوێندرایەوە، بانگهێشتی بەغداد کرا، پاشان وتار بەناوی (أبی کالیجار)ی برازای خوێندرایەوە، پاشان جارێکی دیکە لە ساڵی (418ك/1027ز)دا بەناوی (جلال الدولة) خوێندرایەوە، کە ئەم بڕیاری وتاردان و گۆڕینانەش لەنێوان ئەو دوو میرەدا، بەبڕیاری خەلیفە (القادر باالله) بوو، لەسەر بنەمای خواستی تورکەکان، کە ئەوکاتە کاروباری خیلافەتیان کەوتبووە ژێردەست. بۆیە دەتوانین ئەمە بە هۆکارێك و بەسەرەتای ناکۆکی نێوانیان دابنێین (ابن الأثیر، 1987، 8/151، 161؛ علي، 1991، 118). هەربۆیە (أبی کالیجار) لە ساڵی (419ك/1029ز)دا بەسوودوەرگرتن لەناکۆکی نێوان (جلال الدولة) و تورکەکان، پەلاماری بەسرەیدا و لەژێردەستی (الملك العزیز بن جلال الدولة)ی دەرهێنا. لەلایەکی دیکە دوای مردنی خاوەنەکەی (أبی الفوارس) بەبێشەڕ دەستی بەسەر (کرمان)یشدا گرت، دوای ئەوە لەساڵی (420ك/1030ز)دا (واسط)یشی خستەژێردەستی خۆیەوە، تەنانەت خواستی گرتنی (بەغداد)یشی دەکرد، کە ناوچەی ژێردەسەڵاتی (جلال الدولة)ی مامی بوو (ابن الأثیر، 1987، 8/166-167، 172).

هەرچەندە (جلال الدولة) لەمکاتەدا لاواز بوو، بەراورد بە (ابی کالیجار)، بەڵام ئەمە نەبووە مایەی ئەوەی کە دەستەوەستان بوەستێت لەبەرامبەر دەستدرێژییەکانی برازاکەی، لەساڵی (420ك/1030ز)دا پەلاماری شاری (ئەهواز)ی ژێردەستی (أبی کالیجار)ی دا و تاڵانییەکی زۆری تێداکرد و پارەیەکی زۆری دەستکەوت، هەروەها لەساڵی (421ك/1030ز) بەسرەی لەژێردەستی (ابی کالیجار)دا دەرهێنایەوە (ابن الأثیر، 1987، 8/ 172-173، 194) .

هۆکاری ئەم ناکۆکییە توندەی نێوان ئەم دوو میرە، زیاتر بۆ تورکەکان دەگەڕایەوە، کەلەو سەردەمەدا هێزی دەستڕۆیشتوی خیلافەت بوون، کێیان بویستایە دەیانکردە میر و بڕیاری وتاردانیان بە ناوی دەدا، کێشیان نەویستایە دەریان دەکرد و دووریان دەخستەوە. بۆ وێنە لەساڵی (423ك/1032ز)دا وتاریان بە ناوی (أبی کالیجار) ڕاگرت، چونکە نەیتوانی بەخێرایی بگاتە بەغداد کەداوایان لێکردبوو. هەروەها لەساڵی (424ك/1033ز)دا فەرمانیان بە (جلال الدولة) کرد بچێتە (واسط) و بەغداد بەجێبهێڵێت (ابن الأثیر، 1987، 8/ 203، 208). تەنانەت لەساڵی (427ك/1036ز)دا کار گەیشتە ئەوەی کە سەربازە تورکەکان لە بەغداد دژی (جلال الدولة) ڕاپەڕین و بڕیاریاندا دەریبکەن، هەرچەندە ناوبراو داوای سێ ڕۆژ مۆڵەتی لێکردن، هەتا ئەو پارەیان بۆ پەیدا کات، کە داوایان لێکردووە، بەڵام لێیان قبووڵنەکرد، بەڵکو بە بەرد هێرشیانکردە سەری و برینداریان کرد، هەتا هەڵات لە بەغداد، دواتر چوونە سەر ماڵەکەی و تاڵانیان کرد. ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو هەتا خەلیفە (القائم بأمرالله) دەستووەردانی لەنێوان تورکەکان و (جلال الدولة)دا کرد و ناوبراوی گەڕاندەوە بەغداد (ابن الأثیر، 1987، 8/219؛ أبی الفداء، د.ت، 2/159).

وادەردەکەوێت کە (جلال الدولة) و (أبی کالیجار) درکیان بەوە کردبێت، کە شەڕ و ناکۆکی نێوانیان، سەرەڕۆیی و ئاژاوەی تورکەکان زیاددەکات، بۆیە هەوڵیاندا ئاشتی لەنێوانیاندا بەرقەرار بکەن، ئەم ئاشتیەش بە هاوسەرگیرییەك پشتڕاستکرایەوە، ئەویش ئەوەبوو کە لە ساڵی (428ك/1037ز)دا ئاشتەواییەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە و (أبو منصور بن أبی کالیجار) لەگەڵ کچی (جلال الدولة)دا هاوسەرگیری کرد (ابن الأثیر، 1987، 8/224). ئیتر دوای ئەم هاوسەرگیرییە و بەمردنی (جلال الدولة) لەساڵی (435ك/1044ز)دا کۆتایی بە ململانێی درێژخایەنی نێوان ئەو دوو میرە هات (ابن الأثیر، 1987، 8/262).

### ٤-٢- دووەم: هاوسەرگیریی سیاسی بوەیهی و سالارییەکان لە ئازەربایجان

سالارییەکان، بە ڕەچەڵەک دەیلەمین، یەکەم میری ناسراو (محمد بن مسافر ٣٣٧-٣٤٦ك/ ٩٤٨- ٩٥٧ز)ە، کە فەرمانڕەوای قەڵای (طرم) بوو، لەسەرەتادا لەگەڵ (رکن الدولة ٣٢- ٣٦٦ك/ ٩٣٢- ٩٧٦ز)دا کەوتە ململانێیەکی توند، (محمد) لەساڵی (٣٣٧ك/ ٩٤٨ز) هێرشی کردە سەر شاری (بەردەعە) بەڵام توشی شکستهات، لەلایەن (رکن الدولة)، دەستگیرکراو دوورخرایەوە بۆ قەڵای سمیرم (مسکویە، ٢٠٠٨، ٢٩٨؛ پۆلادیان، ٢٠٠٨، ١١٠- ١١١) لەساڵی (٣٤٣ك/ ٩٥٣ز)دا توانی خۆی رزگاربکات و دەستبەسەر قەڵاکەدابگرێت (مسکویە، ٢٠٠٣، ٥/ ٢٩٨- ٢٩٩؛ ابن الأثیر، ٢٩٨٧، ٧/ ٢٤٥- ٢٤٦). دوای فراوانبوونی دەسەڵاتەکانی (محمدی بن مسافر) لەهەرێمی ئازەربایجان و تێکشکاندنی (دەیسەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردی) توانی جارێکی تر دەستبەسەر هەرێمەکەدابگرێتەوە (مسکویە، ٢٠٠٣، ٥/ ٢٩٩؛ پۆلادیان، ٢٠٠٨، ١١١- ١١٢) ئەمە وایکرد (رکن الدولة) بەناچاری لەساڵی (٣٤٣ك/ ٩٥٤ز)دا ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی لەگەڵدا مۆربکات، لەوەدەچێت ئەم ڕێککەوتننامەیە بەندێکی تایبەت بەهاوسەرگیریی تێدابووبێت، چوونکە (سالار مرزبان بن محمد) کچێکی خۆی دا بە (رکن الدولة) (مسکویە، ٢٠٠٣، ٥/ ٣١٣؛ سعید، ٢٠٢٠، ٧٢٥). هۆکاری ئەم هاوسەرگیرییە بۆ ململانێی نێوان بنەماڵەی بوەیهی دەگەڕێتەوە، چونکە کاتێک (میر دەیسەم) تێکشکا، بەرەو بەغداد ڕۆیشت، داوای یارمەتی لە (معز الدولة)ی بوەیهی کرد، بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتەکەی لەهەرێمی ئازەربایجان (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ٢٤٥) لەبەرامبەر ئەمەدا (رکن الدوله) لەگەڵ (مرزبان)دا ڕێککەوت بۆ بەرپەرچدانەوەی هاوپەیمانی براکەی، لەمەدا سەرکەوتوو بوو، چونکە دوای گەڕانەوەی (دەیسەم) لەلایەن سالارییەکانەوە دەستگیرکرا، تاڕادەیەک هێمنی و ئاسایش لەنێوان سالارییەکان و (رکن الدولة) بەدیهات (مسکویە، ٢٠٠٣، ٣٢٠/٥).

لەدوای مردنی (محمد بن مسافر) بنەماڵەی سالاری گیرۆدەی ئاریشەی ناوەخۆ بوونەوە، هەتا (سلار ابراهیم بن المرزبان ٣٤٩- ٣٧٣ك/ ٩٦٠- ٩٨٣ز) توانی دەسەڵات بگرێتەدەست. (رکن الدوله) کێشە ناوخۆییەکانی سالارییەکانی لەدوای مردنی (المرزبان) بەدەرفەتزانی، بۆ ئەوەی پشتی بەرەیەک لە دژی بەرەکەی تر بگرێت، بەم هۆیەوە (رکن الدولة) پەیمانی ئاشتی لەگەڵ (سلار ابراهیم)دا واژۆکرد، هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی (سلار ابراهیم)دا ئەنجامدا (مسکویە، ٢٠٠٣، ٥/ ٣٢٦؛ سعید، ٢٠٢٠، ٧٢٦). ئەمە وایکرد پەیوەندی نێوان هەردوولا بەرەو ئاشتی بچێت، بەم هۆیەوە (سلار ابراهیم) لە ساڵی (٣٥٠ك/ ٩٦١ز)دا سەردانی شاری بەغدادی کرد،

لەلایەن (معزالدولة) و خەلیفەی عەبباسی (المطیع الله٣٣٤- ٣٦٣ک/ ٩٤٥- ٩٧٣ز) بەگەرمیەوە پێشوازی لێکراو ڕێزی لێگیرا (الهمذاني، د.ت، ١١/ ٣٩٢)، ئامانجی بوەیهییەکان لەم کارەیان بۆ ئەوەبوو کۆنترۆڵی جووڵە سیاسی و سەربازییەکانی سالارییەکان بکەن، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت، ناتوانن بەهێزی سەربازی بەسەریاندا سەربکەون، لەلایەکی تر ئامانجیان بەکارهێنانی (سلار ابراهیم) بوو، دژی (وهسوزان)ی مامی.

لەساڵی (٣٥٥ک/ ٩٦٥ز)دا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندی سەربازی لەنێوانیاندا ڕوویدا، بەم هۆیەوە (سلار ابراهیم) لە بەرامبەر مامەکەیدا شکستیهێناو چوو بۆلای (رکن الدولة)ی زاوایوو داوای یارمەتی لێکرد، بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵاتەکەی لە هەرێمەکەدا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ٢٩٣؛ مینۆرسکی، ٢٠٢١، ٢١٠) ئەویش سوپایەکی بۆ ئامادەکرد و توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت بەسەر (وهسوزان)ی مامیدا. هۆکاری یارمەتیدانەکەی بۆ دەستکەوتە ئابوورییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە (رکن الدولة) چاوی بڕیبووە خێرو بێری ئەو داهاتوو بەرهەمەی کەلە هەرێمەکەدا هەبوو، ئەوە هۆکارێکی کاریگەربوو بۆ یارمەتیدان. دەکرێت بڵێین ململانێی سالارییەکان و بوەیهییەکان وەستا، هەتا ڕووخانی میرنشینەکە لەلایەن غەزنەوییەکان، لە ساڵی (٤٢١ک/ ١٠٣٠ز)دا، دوای ئەوەی میرنشینەکە بووە موڵکی (سلار ابراهیم)، هیچ پێکدادانێکی سەربازی لە نێوانیاندا ڕووینەدا (سعید، ٢٠٢٠، ٧٢٦-٧٢٧). دەشێت هاوسەرگیریی سیاسی لەمەدا ڕۆڵی هەبووبێت.

## ٤-٣- سێیەم: هاوسەرگیریی سیاسی بوەیهی و میرنشینی کاکەوەیهی

کاکەوەیهییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ دەیلەمەکان، میرەکانیشیان بە (آل کاکەوەیهی) ناسرابوون، کەبە زمانی دەیلەمی بە واتای (خاڵ) دێت (مؤلف مجهول، ١٣٨١ هـ. ش، ٣٨٢؛ ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨/ ٤٩). چونکە دامەزرێنەری میرنشینەکە کوڕە خاڵی میر (مجد الدولة)ی بوەیهی بوو (مؤلف مجهول، ١٣٨١ هـ. ش، ٣٨٥). ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی (روستم دشمنزار- مرزبان)، وەک کارمەندێکی پلە باڵا لەلای بوەیهییەکان کاریدەکرد، بەڵام پلەو پایەی سیاسی نەبوو، تەنها پەیوەندی هاوسەرگیریی بەیەکەوەی دەبەستنەوە، کە (دشمنزیار) برای (شیرین ناسراو بە سیدة خاتون) کچی (أصبهبید روستم مازەندەرانی) (فخرالدولة بن رکن الدولة) هاوسەری بوو، کە یەکێکە لەو هاوسەرگیرییە سیاسییە گرنگانەی بەر لە دروستبوونی میرنشینی کاکەوەیهی ئەنجامدراوە. ئەمەش وایکردووە (دشمنزیار) پێگەیەکی دیارو متمانەپێکراوی هەبێت لای بنەماڵەی بوەیهی (مؤلف مجهول، ١٣٨١ هـ. ش، ٣٨٥؛ ابن أسفندیار، ٢٠٠٣، ٣١٢؛ مصطفی، ٢٠٢١، ٢٣) سەرەتای دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی (چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی)، دامەزراندنی میرنشینەکەش بۆ هەوڵەکانی (محمد بن روستم دشمنزیار) ناسراو بە (علاءالدولة عضد الدین أبي جعفر) دەگەڕێتەوە (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨/ ٤٩؛ زامباور، ١٩٨٠، ٣٢٨؛ رمضان، ٢٠٠٥، ١٧٧) لەسەرچاوە فارسیەکاندا بە (پسر کاکو) واتا (کوڕی کاکەوەیهی) هاتووە (مؤلف مجهول، ١٣٨١ هـ. ش، ٣٨٥). کاتێک لەساڵی (٣٩٧ک/ ١٠٠٦ز) (سیدة خاتوون) وەک فەرمانڕەوای ناوچەی ئەسفەهان دایمەزراند (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨/ ٤٩) ئەمەش بەسەرەتای دامەزراندی میرنشینەکە دادەنرێت.

پەیوەندی نێوان هەردوولا لەسەر بنەمای ڕێز و پشتگیریکردنی یەکتر دامەزرابوو، بەتایبەت لەسەرەتای دامەزرانی میرنشینەکەدا. لەساڵی (٣٩٧ک/ ١٠٦٦ز)دا (سیدة خاتون) لەگەڵ (مجد الدولة)ی کوڕی، لە شاری ڕەی بەشەڕ هات، دوای ئەوەی هەوڵی زەوتکردنی دەسەڵاتەکانی دایکی و (شمس الدولة) برای دابوو، بۆ ئەم مەبەستە (سیدة خاتون) پەنای بۆ میر (بدر بن حسنویه ٣٦٩- ٤٠٥ک/ ٩٧٩- ١٠١٤ز) برد، بۆ ئەوەی هاوکاری بکات لە گێڕانەوەی دەسەڵاتەکەی. هەرلەبەرئەمەش بوو (علاءالدولة) دەستی لە فەرمانڕەوایەتی شاری ئەسفەهان هەڵگرت و پەنای بۆ (بهاء الدولە)ی میری فارس برد (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٦٢٥). میر (بدر) لەشکرێکی ئامادەکرد و هێرشیکردە سەر شاری ڕەی، لە ئەنجامدا توانی (مجد الدولة) بەدیلبگرێت و دەسەڵاتی بۆ (سیدة) و (شمس الدولة) گەڕاندەوە (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨/ ٤٦؛ ڕۆژبەیانی، ١٩٩٦، ٦٩). دوای ئەم ڕووداوە، (علاءالدولة) چووە شاری ئەسفەهان و بە پشتگیری (سیدة خاتون) ساڵی (٣٩٨ک/ ١٠٠٧ز) دەسەڵاتی شارەکەی گرتەوەدەست. بەڵام دوای ساڵێك (سیدة) بۆ بەرژەوەندی خۆی (مجد الدولة)ی لە زیندان ئازادکرد و لەشوێنی (شمس الدولة)ی دادەنێت (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٥٦٥؛ هەروتی، ٢٠٠٨، ١٥٢) لەمکاتەوە هەتا ساڵی (٤١٤ ک/ ١٠٢٣ز) (علاء الدولة) لەژێرفەرمانی (مجد الدولة) و (سیدة)ی دایکی، فەرمانڕەوای شاری ڕەی بوو، بەتەواوی پشتگیریی لە بوەیهییەکان دەکرد، بەدرێژایی ئەم ساڵانە دڵسۆزی خۆی بۆ بوەیهییەکان سەلماند چونکە بەهۆی ئەوانەوە گەیشتبووە دەسەڵات، میرنشینەکە لە هەناوی بوەیهییەکانەوە سەریهەڵدابوو. لەسەر دراویش ناوی (مجد الدولة)ی دەنووسی (رمضان، ٢٠٠٥، ١٨١- ١٨٢).

لەساڵی (٤٠٧ک/ ١٠١٦ز) لەسەرداواکاری (مجد الدولة) و (سیدة) شاری ئەسفەهانی ڕادەستی (ابن فولاد) سەرکردەی سەربازی دەیلەمی کرد (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨/ ١٣٢) لەپێناو هەڵنەگیرسانی شەڕ لەنێوان بوەیهییەکان و ئەو سەرکردە سەربازییە دەیلەمییە، بەمەش (علاءالدولة) ڕۆڵی هەبوو لە دامرکاندنەوەی شەڕێکی گەورەدا.

بوەیهییەکان سوودیان لەو پەیوەندی خزمایەتی وەرگرتووە بۆ سەرکوتکردنی نەیارەکانیان، بۆ نموونە کاتێک تورکەکان لەساڵی (٤١١ک/ ١٠٢٠ز)دا لە شاری هەمەدان دژی دەسەڵاتی (شمس الدولة بن فخر الدولة) هەڵگەڕانەوە، ناوبراو داوای یارمەتی لە (علاءالدولة) کرد، ئەویش بە دوو هەزار سەرباز یارمەتیداو هەڵگەڕانەوەکەی سەرکوتکرد (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨/ ١٣٢؛ مصطفی، ٢٠٢١، ٣٣- ٣٤)

(علاء الدولة) پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ میر (مشرف الدولة ٤١١- ٤١٦ ک/ ١٠٢٠- ١٠٢٥ز)ی فەرمانڕەوای بەغداد هەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێک (علاء الدولة) چاوی بڕیبووە ناوچەکانی (أبي الشوك بن محمد بن عناز) دەیویست داگیری بکات، (أبي الشوك) داوی لە (مشرف الدولة) کرد لەگەڵ (علاء الدولة) نێوەندگیریان بکات، هەتا هێرش نەکاتە سەریان، ئەویش داوای لە (علاءالدولة) کرد کە هێرشەکە ئەنجامنەدات، لەسەر داواکاری (مشرف الدولة) هێرشەکە بۆ سەر ناوچەکانی (بەني عناز) ئەنجامنەدرا. ئەمەش گوێڕایەڵی و باشی پەیوەندی هەردوولا دەگەیەنێت (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٦٣٠). دوای ئەم ڕووداوە میر (مشرف الدولة)ی بوەیهی، کچی (علاء الدولة)ی خواست، لەپێناو پتەوکردنی پەیوەندی هەردوولا، مارەیی ئەم هاوسەرگیرییە بە پەنجا هەزار دینار دیاریکرا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨/ ١٤٧).

بەڵام ئەم پەیوەندییە باشە، درێژەی نەکێشا بەتایبەتی دوای ئەوەی (علاء الدولة) لەلایەن خەلیفەی عەبباسی لەساڵی (٤٠٩ک/ ١٠١٨ز)دا دانی پێدانرا ، ئەمەش بۆ هەوڵە فراوانخوازییەکانی ناوبراو دەگەڕێتەوە، چوونکە لە بیانوییەک دەگەڕا بۆ ئەوەی هێرشبکاتە سەر ناوچەکانی قەڵەمڕەوی بوەیهییەکان (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨/ ١٣٩) ئەنجامدانی ئەم هاوسەرگیرییە سیاسییە نەبووە هۆی ئەوەی کەمیر (علاء الدولة) لە فراوانخوازییەکانی بوەستێنێت، بەڵکو لەسەر بەرژەوەندییەکانی بوەیهییەکان ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی فراوانکردووە، دوای مردنی (شمس الدولة) لەگەڵ (سماء الدولة)ی

کوڕیدا جەنگاوە، بەسەریدا سەرکەوت و شاری هەمەدانی لەژێردەستی دەرهێناوە، سەروەت و سامانێکی زۆری بەدەستهێناو سوپایەکی بەهێزی دامەزراند، دەسەڵاتەکەی هەرێمی چیاکان و شارەکانی ئەسفەهان و هەمەدان و دینەوەرو شاپورخواستی لە خۆدەگرت (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ١٣٩؛ مصطفى، ٢٠٢١، ٣٥) لەم ڕووداوانەدا گۆڕانکاریی لە هەڵوێستی کاکەوەیهییەکان بەتەوای بەرچاودەکەوێت. سەرەڕای ئەم هاوسەرگیرییە سیاسییانەی لەنێوانیاندا ئەنجامدراوە، هەڵوێستی هەردوولا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش وەستابوو .

## ٥- تەوەرەی سێیەم: هاوسەرگیریی سیاسی بوەیهی لەگەڵ میرنشینە کوردییەکان

### ٥-١- یەکەم: لەگەڵ میرنشینی حەسنەوەیهیدا

ئەم میرنشینە لە لایەن بنەماڵەی حەسنەوەیهی سەرۆکی هۆزی بەرزیکانی لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا لەناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زایینی لە لایەن (حسنويه بن حسين ٣٤٨- ٣٦٩ک/ ٩٥٩- ٩٧٩ز)دامەزرا، کە لەپاش مردنی باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست، کە ناوچەیەکی بەرفراوانی لەشارەکانی (نەهاوەند ، هەمەدان، دەینەوەر، شاپورخواست، کرماشان ... هتد) لەخۆدەگرت (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٧/ ٣٧١- ٣٧٢) دوای مردنی حەسنەوەی لەساڵی (٣٦٩ک/ ٩٧٩ز) بەهۆی سیستەمی پشتاوپشت و بە هاوکاری بوەیهییەکان، (بەدر ٣٦٩- ٤٠٥ک/ ٩٧٩- ١٠١٤ز)ی کوڕی لە نێوبراکانی هەڵدەبژێردرێت و دەسەڵات دەگرێتە دەست (الروذراوري، ٢٠٠٣، ٦/ ١٢-١٣) بۆ ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایەتی دەکات. هەتا لە زستانی ساڵی (٤٠٥ک/ ١٠١٤ز) لەئەنجامی کێشەی ناوخۆیی لەسەرووی تەمەنی هەشتا ساڵی دەکوژرێت (مؤلف مجهول، ١٣١٨ ه.ش، ٣٠٩؛ ابن كثير، ١٩٩٨، ١٥/ ٥٥٧- ٥٥٨).

پەیوەندی نێوان هەردوو لایەنی بوەیهی و حەسنەوەیهی، شەڕ و ئاشتی تێدا بەدیدەکرێت، بەهۆی ناکۆکی بەردەوام لەنێوان میرە بوەیهییەکان، هەڵوێستی میر بەدر جۆرێک لە ناجێگیری و ئەوبەر ئەوبەری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، ئەوەیە کوردەکان بەسەرۆکایەتی میر بەدر لەپاڵ (عضد الدولة)دا دەجەنگان دژی (فخر الدولة)ی برای کاتێک یاخیبیوو، بەڵام دوای ئەوەی (مؤيد الدولة) برای خاوەنی (جرجان) مرد، (فخر الدولة) داوای هاوکاری لە میر بەدر کرد، بۆگرتنی شاری ناوبراو (العتبي، ٢٠٠٤، ٢٣٦- ٢٣٧) لەلایەکی تر دەیویست بە هاوکاری میر بەدر دەستبەسەر شاری بەغداد دابگرێت، کە (بهاء الدولة) فەرمانڕەوای بوو، بەڵام بەهۆی پاشەکشکردنی هاوپەیمانەکانی (فخر الدولة) شکستدەهێنێت لەگرتنی شارەکە (مؤلف مجهول، ١٣١٨ هـ- ش، ٣٠٧- ٣٠٨؛ الروزراوري، ٢٠٠٣، ٨/ ١٠٠) بەهۆی یارمەتیی پەیوەندییە باشەکانی بەدری کوڕی حەسنەوەیهی، (فخر الدولة) داوای کچی میری ناوبراو دەکات بۆ (مجد الدولة)ی کوڕی (مؤلف مجهول، ١٣١٨ هـ- ش، ٣٠٨؛ ككو، السروجي، ٢٠١٩، ٤١٢).

سەرچاوەکان هەواڵی جیاجیا و تارادەیەک دژبەیەک لەخۆ دەگرن، لەسەر تەمەنی (مجد الدولة) لەکاتی مارەکردنی کچی میر بەدردا. هەندێکیان کاتی مردنی (فخر الدولة) لەساڵی (٣٨٧ک/ ٩٩٧ز)دا تەمەنی ئەم کوڕە بە چوار ساڵ دادەنێن (الروزراوري، ٢٠٠٣، ٦/ ١٦٨؛ ان الاثير، ١٩٨٧، ٤٨٩/٧). کەواتە دەبێت ساڵی (٣٨٣ک/ ٩٣٣ز) لە دایکبووبێت، بەڵام (ابن الأثير) هەر خۆی ئاماژە بەوە دەکات ساڵی (٣٧٩ک/ ٩٨٩ز) لەدایکبووە، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکەی خۆیەتی (١٩٨٧، ٧/ ٤٤٢). پێچەوانەی نووسراوی پەرتوکی (مجمل التواريخ القصص)ە کەباس لەوە دەکات لەساڵی (٣٨٠ک/ ٩٩٠ز)دا کچی میر بەدر مارەکرا، بۆیە دەکرێت لەکاتی مردنی باوکیدا تەمەنی (٨) هەشت ساڵ بووبێت (مؤلف مجهول، ١٣١٨ ه.ش، ٣٠٨). لەسەر ئەم بنەمایە، لەکاتی ئەم مارەبڕینە، تەمەنی کوڕەکە تەنها یەک ساڵ بووە، لیرەدا منداڵان بوونەتە قوربانی بەرژەوەندی سیاسی باوکیان، ئەم مارەبڕینە لە ڕێگای کەسایەتی (أبو عيسى شاذي الكردي) ئەنجامدرا (مؤلف مجهول، ١٣١٨ ه.ش، ٣٠٨). میر بەدر لەوپەڕی هێزو تواناداببوو، ئامانجی ئەم هاوسەرگیرییە بۆ ئەوەبوو، کە پاڵپشتییەکی بەهێز دەستەبەر بکات بۆ کوڕەکەی لە داهاتوودا، بەڵام ڕووداوەکانی دواتر پێچەوانەی ئەمەیان سەلماند.

دوای مردنی (فخر الدولة) لەساڵی (٣٨٧ک/ ٩٩٧ز)دا حوکمڕانی درا بە زاواکەی بەدر، واتا (مجد الدولة)، بەڵام لەبەرئەوەی منداڵ بوو دایکی (سيدە) خاتون کاروبارەکانی بەڕێوەدەبرد (الروذراوري، ٢٠٠٣، ٦/ ١٧٩). تەنانەت میر بەدر لەسەر دراویش ناوی دەنووسێت (الجابر، ٢٠٠٥، ٣/ ٣٠٣، رقم ٤٣٦٩). سەرەڕای پەیوەندی خزمایەتی نێوان هەردوولا، بەڵام میر بەدر لەسەر داواکاری (سيدة خاتون) لەساڵی (٣٩٧ک/ ١٠٦٧ز)دا سوپایەک ئامادەدەکات بەسەرۆکایەتی (أبو عيسى شاذي الكردي) دژی (مجد الدولة)ی زاوای، کاتێک هەوڵی زەوتکردنی دەسەڵاتەکانی دایکی و (شمس الدولة)ی برای دەدات لە شاری ڕەی، ئەم سوپایە دەتوانێت (مجد الدولة) دەستگیربکات و دەسەڵاتەکە بۆ (سيدة و شمس الدولة) بگەڕێنێتەوە (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٥٦٣- ٥٦٤؛ مرعي، ٢٠٠٥، ١٩٠) لێرەدا ڕووندەبێتەوە کە ئەم هاوسەرگیرییە هیچ بەهای نەبووە بەڵکو بەرژەوەندی هاوبەش بوونی هەبووە، لەسەر بنەمای ئەو بەرژەوەندییانە میر دژی زاواکەی سوپای جووڵاندووە لەدەسەڵات دووری خستووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی جێنشینی باوکی بوو.

### ٥-٢- دووەم: لەگەڵ میرنشینی عەنازی

ئەم میرنشینە لەشاری حەلوان لەلایەن (أبو الفتح محمد بن عناز) لە دەوروبەری ساڵی (٣٨١ک/ ٩٩١ز)دا دامەزرا، بۆ ماوەی بیست ساڵ درێژەی بە فەرمانڕەوایەتیدا (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٦٥). لەسەرەتای دامەزراندنی میرنشینەکەدا پەیوەندییەکی سیاسی و سەربازی باشی لەگەڵ دەوڵەتی بوەیهی هەبوو، بۆنمونە، ساڵی (٣٨٩ک/ ٩٩٩ز) لەپاڵ سوپای بوەیهی دژی عوقەیلییەکان دەوەستنەوە (الصابيء، ٢٠٠٣، ٨/ ٥- ٦). بەمە پۆستی ویلایەتی (الدسكرة)ی پێدەدرێت (هەروتی، ٢٠٠٨، ١٥٣) لەساڵی (٣٩٧ک/ ١٠٠٧ز)دا لەلایەن بوەیهییەکانەوە (أبو الفتح) دەکرێتە پارێزگاری ڕێگای خۆراسان، هەرلەم ساڵە لە ڕووداوی پاراستنی بەغداد بەشداریدەکات دەکات (ابن خلدون، ٢٠٠٣، ٤/ ٦٢٠) ئەم پەیوەندییە باشە بەردەوام بوو، دوای مردنی (أبو الفتح) کوڕەکەی (حسام الدولة أبو الشوك) لەساڵی (٤٠١ک/ ١٠١١ز)دا جێگای گرتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی بوونەوە، توانی نزیکەی (٣٦) ساڵ فەرمانڕەوایەتی بکات (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٢٧٢، نەقشبەندی، ٢٠٠٨، ٣٢٥؛ ياسين ٢٠١٢، ١٠٥) ئەم میرە بەشداری لە کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی بوەیهی کرد و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی، لە چوارچێوەی پرۆژەی هاوسەرگیریی سیاسیدا، کچێکی دا بە (الملك العزيز بن جلال الدولة) (ابن الأثير، ١٩٨٧، ٨/ ٢٦٣؛ سعيد، ٢٠٢١، ٢٢٠)، بۆئەوەی لەڕێگای زاواکەی، کاتێک دەسەڵاتی لە بەغداد گرتەدەست، ئەویش بە ئامانجەکانی بگات، دوای مردنی (جلال الدولة)ی باوکی لە ساڵی (٤٣٥ک/ ١٠٤٣ز)دا، لە بەغداد پەیوەندی بە (الملك العزيز)ەوە کرا، بۆ ئەوەی جێگای باوکی بگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ (أبي كاليجار)ی

ئامۆزایدا کەوتە ململانێ، دوای ئەوەی (أبي کالیجار) توانی لایەنگری سەربازەکان لە بەغداد بەدەستبهێنێت، کاتێک (الملک العزیز) زانی بارودۆخ لە بەرژەوەندی (أبي کالیجار) یەکلایي بۆتەوە، ناچار کشایەوە بۆ واست، بەم شێوەیە (أبي کالیجار بن سلطان الدولة ٤٣٦- ٤٤٠ک/ ١٠٤٤- ١٠٤٨ز) بووە میری بوەیهی لە بەغداد (ابن کثیر، ١٩٩٨، ١٢/ ٥١ ). دوای ئەوەی (حسام الدولة) ئەوەی بۆ ڕوونبۆوە، لەڕێگای ئەم هاوسەرگیرییەوە ناتوانێت بە ئامانجە سیاسییەکانی بگات، بەزۆر (جیابوونەوە- طلاق)ی کچەکەی لە (الملک العزیز) وەرگرت (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٨/ ٢٦٣؛ سعید، ٢٠٢١، ٢٢٠)، لێرەدا ڕوونتر ئامانجی سیاسی ئەم هاوسەرگیرییە دەردەکەوێت، کاتێک (حسام الدولة) ویستی لەم پڕۆسەیە بوەیهییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەڵام بەهیوا و ئاواتەکانی نەگەیشت، چونکە لەسەرەتادا (الملک العزیز) کاریگەریي باشی بەسەر دەسەڵاتی سیاسی هەبوو، بەڵام بەهۆی مردنی باوکی دەسەڵاتی سیاسی لەدەستدا. ئەمەش هانی (حسام الدولة)ی دا، بۆئەوەی پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵدا بپچڕێنێت.

## ٦- تەوەرەیي چوارەم: هاوسەرگیریي بویهی لەگەڵ هەریەکە لە میرنشینی سامانی و دەسەڵاتدارانی (بەطیحە)و سەلجوقییەکان

### ٦-١- یەکەم: لەگەڵ میرنشینی سامانی

ئەم میرنشینەش دەگەڕێتەوە بۆ خێزانێکی فارسی کۆن، لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری (بلخ) بوون، باپیرە گەورەی بنەماڵەکە بە ناوی (سامان خداة بن جثمان) دەدرێنە پاڵ فەرمانڕەوایانی ساسانی (الکردیزي، ٢٠٠٦، ٢٠٨) لە سەردەمی خەلیفە (المأمون ١٩٨ -٢١٨ ک/ ٨١٣ - ٨٣٣ ز)دا هەندێک ئەرکی بەڕێوەبردنیان پێسپێردرا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٦/ ٢٥٣). دوای ئەوەی (نصر بن أحمد ٢٦١- ٢٧٩ک ٨٧٤- ٨٩٢ز) توانی دەستبەسەر شاری بوخارادا بگرێت، لەساڵی (٢٦١ ک/ ٨٧٤ ز)دا خەلیفە (المعتمد علی اللة ٢٥٦ - ٢٧٩ ک/ ٨٧٠ - ٨٩٢ ز) کردنی بە والی بوخارا و ئەودیو ڕووبار (ماوراء النهر)، ئەمەش بەسەرەتای دامەزراندنی میرنشینەکە دادەنرێت (النرشخي، ١٩٩٣، ١١٦؛ القوصی، ١٩٩٣، ٤١). نزیک بە سەدەو نیوێک فەرمانڕەوایەتیان کردووە. چەقی ململانێی هەردوو هێزی هاوسنوور سامانی و بوەیهی، ناوچەی ڕەی و هەرێمی چیاکان و ناوچەی جورجان و تەبەریستان بوو، کە دەسەڵاتدارێتی ئەوناوچانە چەند جارێک لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕی پێکراوە، ئەمەش لەسەر بنەمای هێزی سەربازی و ڕێکەوتننامەکانی کە لەنێوانیان ئەنجامدراوە .

سامانییەکان پەیوەندییەکی جێگیریان لە گەڵ بوەیهییەکاندا نەبوو، بەڵکو هەرمیرێک سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی پەیڕەودەکرد، ئەمەش وایکردبوو پەیوەندییەکانیان بەردەوام لە گۆڕانکاریدابێت، لەلایەکی تریش میرنشینەکە گیرۆدەی ئاریشەی ناوخۆ بووبوو، ئەمە کاریگەریي هەبوو لەسەر لاوازکردنی توانا سەربازییەکان، بەتایبەت هەڵگەڕانەوەی سەرکردە سەربازییەکان (الکردیزي، ٢٠٠٦، ٢٢٥). بۆیە زۆرجار هاوسەرگیرییان بەکارهێناوە، بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانیان، دوای ئەوەی لە هێرشکردنە سەرناوچەکان سەرکەوتوو نەبوون، بەناچاری ڕێکەوتننامەیان مۆرکردووە، بەندێک لە ڕێککەوتنامەکان، هاوسەرگیریي بووە، بۆ ئەوەی لەیەکتر نزیکببنەوە و کۆتایي بە کێشەکانیان بێت (نژاد، پاد، ١٤٠ هـ. ش، ٢٨-٢٩) لەم پێناوەدا میر (منصور) لە ساڵی (٣٦١ک/ ٩٧١ز)دا ڕێککەوتنێکی لە گەڵ (رکن الدولة)ی بوەیهی ئەنجامدا، بە پێی ڕێککەوتنەکە میری سامانی ڕازیبوو، دەستهەڵبگرێت لە ناوچەی ڕەی و هەرێمی چیاکان، لەبەرامبەر پێدانی بەشێک لە داهاتی ساڵانەی ئەم ناوچانە (فامری، ١٩٨٧، ١١٨). ئەم ڕێکەوتنە بووە بنەما بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیرییەکی سیاسی لەنێوان هەردوولا (أمین، ١٩٨٠، ١٠) لە هەمان ساڵدا (نوح بن منصور) هاوسەرگیریي لەگەڵ کچی (عضد الدولة)دا کرد، کە چەندین دیاری گرانبەهای پێشکەشکرا، ئەم هاوسەرگیریي و ڕێککەوتننامەیە بە ئامادەبوونی گەورە پیاوانی هەرێمی فارس و عێراق و (محمد بن ابراهیم سیمجور) سەرکردەی سوپای سامانی لە خۆراسان بەئەنجامگەیەندرا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ٣٣٤؛ أمین، ١٩٨٠، ١٠) هەرچەندە مێوونووس (ابن کثیر، مر: ٧٧٤ک/ ١٣٧٢ز ) ئاماژە بەوە دەکات لەگەڵ کچی (رکن الدولة)دا هاوسەرگیرییکرد (١٩٩٨، ١١/ ٢٧٢). وەک دەردەکەوێت بەندێک لە ڕێکەوتنناماکە پەیوەستبووە بەئەنجامدانی هاوسەرگیریي لەنێوان هەردوو بنەماڵە.

لە دوای مردنی میر (منصور) لەساڵی (٣٦٦ک/ ٩٧٦ز)دا (نوح)ی کوڕی (٣٦٦-٣٨٧ک/ ٩٦٧- ٩٩٧ز) کە زاوای (عضد الدولة) بوو هاتە سەردەسەڵات، کاتێک دەسەڵاتی گرتەدەست تەمەنی کەم بوو (ابن خلدوون، ٢٠٠٣، ٤/ ٤٢٢- ٤٢٣) ئەمەش بووە دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەوەی سەرکردەسەربازییەکان لە سامانییەکان یاخیبن، میری ناوبراویش توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشە ناوخۆییانەی نەبوو، بۆیە داوای هاوکاری لە تورکەکان کرد، ئەمەش ڕێگەخۆشکاربوو بۆ دەستوەردانی دەرەکی و کۆتاییهێنان بە میرنشینەکە (الکردیزي، ٢٠٠٦، ٢٣٣- ٢٣٤، ابن الجوزي، ١٩٩٢، ٧/١٥).

### ٦-٢- دووەم: هاوسەرگیریي سیاسی نێوان بوەیهی و دەسەڵاتدارانی (بەطیحە)

بەطیحە، زەلکاوەکانی باشوری عێراق دەگرێتەوە، هەڵکەوتە جوگرافییەکەی لەنێوان ڕووباری فوڕات و کوفە دایە، لەباکور هاوسنوربوو لەگەڵ (واسط)، لە باشوریش لەگەڵ شاری بەسرە، زۆرجار (بەطیحە)ی (واسط) یان بەسرەی پێگوتراوە (یاقوت الحموي، ١٩٧٧، ١/ ٤٥٠)، دامەزراندنی ئەم دەسەڵاتە بۆ هەوڵەکانی (عمران بن شاهین ٣٣٠- ٣٦٩ک/ ٩٤١- ٩٧٩ز) دەگەڕێتەوە، کە ئاڵۆزيي بارودۆخی باشوری خیلافەی عەبباسی و پێگەی جوگرافی ناوچەکەی بەدەرفەت زانی بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا (سلام، ٢٠١٤، ٨٠٢- ٨٠٣). بەطیحە پێگەیەکی جوگرافی گرنگی هەبوو، چونکە کەوتبووە سەر ڕێگەی کاروانە بازرگاینیەکانی بەسرە زۆرجار پەلاماری کاروانەکانییان دەدا. سەرەتای ململانێکانیان لەگەڵ دەوڵەتی بوەیهی بۆ سەردەمی (معز الدولة ٣٣٤- ٣٥٦ک/ ٩٤٥- ٩٦٦ز) دەگەڕێتەوە، کە چەندینجار هێرشیکردە سەر (بەطیحە) و ڕووبەڕووبوونەوەی توندی سەربازی لەنێوانیاندا ڕوویدا (مسکویە، ٢٠٠٣، ٢٠٠٣، ٥/ ٢٩٧)، بەڵام لە هێرشەکاندا سەرکەوتوو نەبوون بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی (عمران بن شاهین) بەهۆی سەختی قەڵاو پێگە سەربازییەکان، لەساڵی (٣٤٠ک/ ٩٥١ز)دا ڕێککەوتننامەیەک لەنێوانیاندا واژۆکرا، بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، (معز الدولة) بەفەرمی دانی بەدەسەڵاتەکانی (عمران) دانا، وەک والی بەسەر ناوچەکە، لەبەرامبەر ئەمە، دەسەڵاتدارانی (بەطیحە) هێرشەکانیان بۆسەرکاروانە بازرگانییەکان ڕابگرن، مەترسی نەخەنەسەر ڕێگاکان (مسکویە، ٢٠٠٣، ٥/ ٣٠٥؛ سلام، ٢٠١٤، ٨٠٨- ٨٠٩؛ علی، ١٩٨٨، ٧٧). بەڵام ئەمە نەبووە هۆی کۆتاییهێنان بە گرژی و ئاڵۆزی نێوانیان، چەندین جاری تر بوەیهییەکان هێرشیانکردە سەر ناوچەکانی (بەطیحە)، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون (سعید، ٢٠١٣، ٩٤- ٩٨).

دوای مردنی ناوبراو (عمران)، (حسن)ی کوڕی (٣٦٩- ٣٧٢ک/ ٩٧٨- ٩٨٢ز) جێگای گرتەوە، بە هەمان شێوەی باوکی توانی بەسەر هێرشکاری بوەیهییەکاندا سەربکەوێت، هەرچەندە زۆر لەدەسەڵات نەمایەوە و لەساڵی (٣٧٢ک/ ٩٨٢ز)دا بەهۆی کێشەی ناوخۆیي بنەماڵەیي لەلایەن براکەی (ابو الفرج محمد بن عمران ٣٧٢-

٣٧٣ک/ ٩٨٢- ٩٨٣ز)وە کوژرا، (ابو الفتح) بووە دەسەڵاتداری (بەطیحە) (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ٧/ ٣٨٥، ٤٠٧؛ سعید، ٢٠٢١، ١٠٢)، لەوەدەچێت بەهاوکاری بوەیهییەکان ئەوکارەی ئەنجامدابێت بەبەڵگەی ئەوەی لەگەڵ هاتنە سەردەسەڵاتی، بەتەواوی گوێڕایەڵی خۆی بۆ بوەیهییەکان ڕاگەیاند (سلام، ٢٠١٤، ٨٢١)، بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی بنەماڵەی شاهینی دەسەڵاتەکەیان بەرەو لاوازی چوو، بوەیهییەکان لەساڵی (٣٧٣ک/ ٩٨٣ز)دا پەلاماریاندان و کۆتاییان بەدەسەڵاتی بنەماڵەی (عمران) هێنا (سعید، ٢٠١٣، ١٠٢-١٠٣؛ سلام، ٢٠١٤، ٨٢٣).

دەسەڵات گوازرایەوە بۆ خوشکەزای (عمران) بەناوی (أبي الحسن علی بن نصر) ناسراو بە (مهذب الدولة)، بوەیهییەکان بۆ دوورخستنەوەی مەترسی یەکجاری لەگەڵ ئەم بنەماڵەیەدا لەساڵی (٣٨٤ک/ ٩٩٤ز)دا، پەنایان بۆ هاوسەرگیریی سیاسی برد لەگەڵیان، (بهاء الدولة) کچی خۆی دا بە (مهذب الدولة) و لە هەمانکاتیش (منصور بن بهاء الدولة) هاوسەرگیریی لەگەڵ کچی (مهذب الدولة)دا ئەنجامدا، ئەم هاوسەگیرییە بە مارەیی سەد هەزار دینار، بۆ هەرلایەکیان ئەنجامدرا (ابن الأثیر، ١٩٨٧، ٧/ ٤٦٧-٤٦٨؛ علی، ١٩٨٨، ٧٩) ئەم هاوسەرگیرییە جۆرێک بوو، لە (ژن بە ژن) کە هاوسەرگیرییەکی باوبووە، دوو ماڵبات ڕێکدەکەوتن هاوسەرگیریی ئەنجامبدەن و هەریەکەیان کچی خۆیان بەیەکتری بدەن، بەم شێوەیە ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکان گەڕایەوە، هەردوولا مەبەستی خۆیان هەبوو لە ئەنجامدانی، بوەیهییەکان بۆئەوەی کۆتایی بە ئاریشەی نێوانیان بهێنن و ئاسایش بۆ ڕێگا بازرگانییەکان بگەڕێننەوە کە بەدرێژایی فەرمانڕەوایەتی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بەردەوامی هەبووە، لەلایەن (مذهب الدولة)وە چونکە بەهاوکاری بوەیهییەکان هاتبووە سەر دەسەڵات، دەیویست پابەندی بەدڵسۆزی وەفاداری بۆ بوەیهییەکان بێت.

### ٦-٣- سێیەم: هاوسەرگیریی سیاسی بنەماڵەی بوەیهی لەگەڵ بنەماڵەی سەلجوقی

دەوڵەتی بوەیهی هاوسنوربوو لەگەڵ دەوڵەتی سەلجوقی کە هێزێکی سونی زەبەلاحی تازە پێگەیشتووبوو، بە پێچەوانەی بوەیهی کە دەوڵەتێکی شیعی بوو، ئەمەش جیاوازی گەورەی نێوانیانبوو، هۆکارێکی ناکۆکییان بوو. سەلجوقییەکان وەکو هۆز و نەتەوە دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی (قنق) کە لقێکبوون لە هۆزی گەورەی غوز، بنەچەشیان بۆ نەتەوەی تورك دەگەڕێتەوە (الحسینی، 1933، 1-3؛ النویري، 2004، 154/26؛ عسیري، 1985، 79؛ عطا، د.ت، 38). دوای سەرکەوتنیان بەسەر دەوڵەتی غەزنەوی لەجەنگی گەورەی (دندانقان)دا لەساڵی (431ك/1039ز)دا (البیهقي، د.ت، 663-671؛ الاصفهاني، 1900، ٨؛ الزهراني، 1980، 32) بوونە مەترسییەکی ڕاستی لەسەر تەواوی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی عەبباسی و لەناویشیاندا بوەیهییەکان، بەتایبەت کە (طغرل بک 429-455ك/1037-1063ز) هێرشیکردە سەر شاری ڕەی، کە ئەوکاتە لەژێر دەستی بوەیهییەکاندا بوو، ئەمەش بوەیهییەکانی شپرزەکرد (ابن الأثیر، 1987، 257/8). لەلایەکی تر بوەیهییەکان لەگەڵ خەلیفەکانی عەبباسیدا، لە ناکۆکی بەردەوامدابوون، وەك باسکرا هاوسەرگیرییە سیاسییەکانیش نەدەبووە مایەی ئاشتی نێوانیان، بەتایبەت لە کۆتایی سەردەمەکەیاندا، بەهاوسۆزییان لەگەڵ بانگخوازە ئیسماعیلییەکاندا، زیاتر خەلیفەی عەبباسییان بێزار کردبوو، کە لەلایەن خەلیفە (ظاهر باللة 411-427ك/1021-1035ز) فاتمییەوە ڕەوانەی ناوەندی دەوڵەتی عەبباسی دەکران (المقریزي، 1996، 181/2). (المؤید في الدین هبة الله الشیرازي) بەناوبانگترین بانگخوازی فاتمی بوو، کە توانیبووی میر (أبو کالیجار 435-440ك/1043-1048ز)ی بوەیهی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بە ڕادەیەك ناوبراو ئەم بانگخوازەی بەپاڵپشت و مامۆستای خۆی ناودەبرد (الشیرازي، 1994، 7) .

(المؤید) بە ڕەزامەندی (أبوکالیجار) لە ناوچەکانی دەوڵەتی عەبباسی درێژەی بە بانگەوازی خۆیدا، ئەو شارە و شار و ناوچە دەگەڕا و خەڵکی بانگهێشت دەکرد بۆ سەر ئایینزای ئیسماعیلی، لە هەندێك لە ناوچەکان دەستەواژەی (حی علی خیر العمل)ی خستە بانگدانەوە و فەرمانیکرد وتاری هەینی بەناوی خەلیفەی فاتمی بخوێنرێتەوە (الشیرزاي، 1949، 43، 54-55). ئەم کارانەی میری بوەیهی نارەزایی توندی خەلیفە (القائم بامراللة 422-467ك/1031-1075ز)ی لێکەوتەوە، بەتایبەت کە پشتی بە سەلجوقییەکان بەهێز بوو، چونکە بەهۆی هاوئایینزاییەوە پەیوەندییەکی باش لەنێوانیاندا دروستببووبوو، لە نامەیەکدا کە بۆ خەلیفەیان نارد، هەموو ئامادەییەکی خۆیان خستبووەڕوو کە دەبنە خزمەتکاری خەلیفەی عەبباسی، دڵسۆزیان بۆی دەبێت، فەرمانبەردار و گوێڕایەڵی دەبن (الاصفهاني، 1900، 7-8؛ الراوندي، 2005، 166). لەبەرامبەردا خەلیفە (القائم) هەڕەشەی توندی لە (أبوکالیجار) کرد، ئەگەر ئەو بانگخوازەی ڕادەست نەکات ئەوا داوای یارمەتی لە سەلجوقییەکان دەکات (الشیرازي، 1949، 56). ئەم بارودۆخە وای لە (أبوکالیجار) کرد دەستی ئاشتی بۆ سەلجوقییەکان درێژبکات، لەئەنجامدا سوڵتان (طغرل بک) بەئەرێنی وەڵامی دایەوە و ئاشتی لەنێوانیاندا بەرقەراربوو، ناوبراو ناردی بۆ لای (ابراهیم ینال)ی برای، فەرمانیپێکرد لەو ناوچانەی دەستیبەسەردا گرتووە بکشێتەوە. لەوەدەچێت بەندێک لەڕێکەوتننامەکە ئەنجامدانی هاوسەرگیری سیاسی بووبێت، هەربۆیە ڕێککەوتنەکە دوو هاوسەرگیریی سیاسی لێکەوتەوە لە شێوەی (ژن بەژن)، لەساڵی (٤٣٩ک/ ١٠٤٢ز)دا (طغرل بک) هاوسەرگیریی لەگەڵ کچی میر (ابوکالیجار)دا کرد، (أبومنصور بن أبوکالیجار)یش هاوسەرگیریی لەگەڵ کچی (جغری بک داود)ی برازای سوڵتان (طغرل بک)دا کرد (ابن الأثیر، 1987، 276/8). سەرچاوەکان ئاماژەیان بە ناوی کچەکان و بڕی مارەیی و ڕێوڕەسمەکانی ژن گواستنەوە ناکەن، تەنها ئاماژیان بەوە کردووە کە گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە لە مانگی (ربیع الأخر/ ئاب)ی ئەم ساڵە ئەنجامدراوە.

بەم شێوەیە (أبوکالیجار) مەترسی سەلجوقییەکانی لە خۆی دوورخستەوە، هەتا ڕادەیەك دەستی هاوکاری نێوان عەبباسی و سەلجوقی لە دژی خۆی لەناوبرد، ئەمەش وایکرد دەوڵەتی بوەیهی لە سەردەمی (ابوکالیجار)دا لەناونەچێت.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، لە گرنگترینیان بریتین لە:

**یەکەم:** هاوسەرگیریی سیاسی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو ئەنجامدەدرێ، لەنێوخۆی بنەماڵەی فەرمانڕەوا یاخود لەگەڵ هێزە هاوسنورییەکان. ئامەنجەکەی توندوو تۆڵکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایە، بۆئەوەی لە ڕێگای ئەمەوە ئامانجێکی دیاریکراوی خۆیان بەدەستبهێنن.

**دووەم:** سەنگ و هێزی دەوڵەتی بوەیهی لەناوچەکەدا وای لەخیلافەتی عەبباسی و هێزەکانی هاوسنووری دەوڵەتی بوەیهی کردووە. کە هاوسەرگیریی سیاسییان لەگەڵ ئەنجامبدەن، بەئامانجی دەستکەوتنی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا. بەڵگەیەکیشە بۆ هاوتایی و بەرامبەربوونی هێز، لەنێوان دەوڵەتی بوەیهی و ئەو هێزانەی کە هاوسەگیرییەکەیان لەگەڵ ئەنجامدراوە. هەر لەبەرئەمەش بووە زۆربەی هاوسەگیرییە سیاسییەکان لە شێوەی ژن بەژن بووەو بڕەمارەیەکی زۆریش بۆ کچەکان دانراوە.

**سێیەم:** بوەیهییەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی زیاتری خیلافەت و زەوتکردنی پۆستی خەلیفە، هاوسەرگیرییان لەگەڵ خەلیفەکان کردووە، لەبەرامبەردا خەلیفەکانیش بۆ خۆپاراستن لە شەڕو ئاژاوەگێڕی بوەیهییەکان ئەم کارەیان بەباش زانیووە. هەرچەندە

خەلیفەکانی عەباسی تەنها ژنیان لەبوەیهییەکان خواستووە، خۆیان ژنیان بە بوەیهییەکان نەداوە. ئەمەش لەبەرئەوە بوو، لەناو بنەماڵە و خیلافەتی عەبباسیدا ژنیان نەداوە بە دەرەوەی بنەماڵەی خۆیان.

**چوارەم:** هەندێکجار هاوسەرگیریی سیاسی وەک مەرج لەنێو ڕێکەوتننامەکان جێگای دەکرایەوە، وەک خاڵێکی سەرەکی جەختی لێدەکرایەوە، هەتا هەردوو لا پابەندوو دڵنیابن لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکە.

**پێنجەم:** هەندێک لەو ژنانەی لە پرۆسەی هاوسەرگیرییدا بەکارهێنراون، پێگەیەکی گرنگیان لە بواری کارگێڕی و سیاسیدا بەدەستهێناوە، بە نموونە (سیدة خاتون) هاوسەری (فخر الدولة بن ركن الدولة) کە ڕۆڵی کاراو یەکلاکەرەوەی لە ئاراستەکردنی بەشێک لە ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکاندا بینیوە.

**شەشەم:** بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی هاوسەرگیرییە سیاسییەکانی بنەماڵەی بوەیهی، چ لەناوخۆی بنەمەڵە و چ لەگەڵ هێزوو میرنشینەکانی تردا لە پێناو ڕاگرتنی شەڕو پرۆسەی ئاشتیدابووە، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد، میرەکانی بوەیهی ئارەزووی ئەوەیان نەکردووە کە هاوسەرگیریی لە گەڵ کەسانێک بکەن کە میرو فەرمانڕەوا نەبن.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە بنەڕەتییەکان:


ابن الأثير، عزالدين أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد الشيباني، (1987)، الكامل في التاريخ، راجعه وصححه، محمد يوسف الدقاق، بيروت، دار الكتب العلمية.

الأصفهاني، عمادالدين محمد بن محمد بن حامد، (1900)، دولة ال السلجوق، مصر، شركة طبع الكتب العربية .

الأصفهاني، عمادالدين محمد بن محمد بن حامد، (2003)، البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، دراسة و تحقيق، محمد علي الطعاني، أربد، مؤسسة حمادة.

البغدادي، أبي بكر أحمد بن علي، (2004)، تاريخ بغداد أو مدينة السلام، تحقيق، مصطفى عبدالقادر عطا، ط2، بيروت، دار الكتب العلمية.

البيهقي، أبو الفضل محمد بن حسين، (د.ت)، تاريخ البيهقي، ترجمة الى العربية، يحيى الخشاب و صادق نشات، مصر، دار الطباعة الحديثة.

ابن تغري بردي، جمال الدين أبي المحاسن يوسف، (د.ت)، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، مصر، دار الكتب.

ابن الجوزي، أبي الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد، (1992)، المنتظم في تاريخ الملوك والامم، تحقيق، محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، راجعة وصححه، نعيم زرزور، بيروت، دار الكتب العلمية.

ابن حزم الاندلسي، محمد علي بن أحمد بن سعيد، (د.ت)، جمهرة أنساب العرب، تحقيق؛ عبدالسلام محمد هارون، الطبعة الخامسة، دار المعارف.

الحسيني، صدرالدين أبو الحسن علي بن ناصر، 1933، أخبار الدولة السلجوقية، تصحيحة، محمد اقبال، لاهور.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد، (٢٠٠٣)، تاريخ ابن خلدون المسمى (العبر و ديوان المبتدأ والخبر)، بيروت، دار الكتب العلمية.

الذهبي، شمس الدين أبي عبدالله محمد بن احمد بن عثمان، (1999)، دول الاسلام، حققه وعلق عليه، حسن إسماعيل مروة، قدم له، محمود الارناؤوط، بيروت، دار صادر.

الراوندي، محمد بن علي بن سليمان، (2005)، راحة الصدور وأيه السرور في تاريخ الدولة السلجوقية، ترجمة، ابراهيم أمين الشورابي و عبدالنعيم محمد حسنين و فؤاد عبدالمعطي الصياد، القاهرة، المجلس الأعلى للثقافة.

الروذراوري، أبي شجاع محمد بن الحسين بن محمد، (2003)، تجارب الأمم، بيروت، دار الكتب العلمية.

السيوطي، جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر، (2003)، تاريخ الخلفاء، بيروت، دار ابن حزم.

الشيرازي، المؤيد في الدين هبة الله، (1949)، سيرة المؤيد في الدين داعي الدعاة، تقديم وتحقيق، محمد كامل حسين، القاهرة، دار الكاتب المصري.

الشيرازي، المؤيد في الدين هبة الله، (1994)، المجالس المؤيدية، حقق وعلق، محمد عبدالغفار، القاهرة، دار الكاتب المصري.

الصابيء، ابو الحسين هلال بن المحسن بن ابراهيم، (٢٠٠٣)، تاريخ الهلال الصابيء الحق بذيل تجارب الامم للروذراوري، بيروت، دار الكتب العلمية.

ابن الطقطقي، محمد بن علي بن طباطبا، (د.ت)، الفخري في الاداب السلطانية والدول الاسلامية، بيروت، دار صادر.

ابن العبري، أبو الفرج غريغوريس بن هارون الملطي، (1994)، تاريخ مختصر الدول، تصحيح، أنطون صالحاني اليسوعي، ط2، بيروت، دار الرائد اللبناني.

العتبي، أبو نصر محمد بن عبدالجبار، (٢٠٠٤)، اليميني = تاريخ العتبي، تحقيق، إحسان ذنون عبد اللطيف الثامري، دار الطليعة، بيروت

ابن العماد، أبي الفلاح عبدالحي، (1979)، شذرات الذهب في اخبار من ذهب، ط2، بيروت، دار المسيرة.

ابن العمراني، محمد بن علي بن محمد، (1363ش)، الأنباء في تاريخ الخلفاء، مشهد، دانشگاه فردوسي.

أبو الفداء، عماد الدين اسماعيل بن محمد بن عمر، (د.ت)، المختصر في أخبار البشر، مصر، المطبعة الحسينية.

ابن كثير، عمادالدين أبو الفداء اسماعيل بن كثير القريشي الدمشقي، (١٩٩٨)، البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركي، مصر، دار هجر.

الكرديزي، عبدالحي ابن الضحاك بن محمود، (٢٠٠٦)، زين الآخبار، ترجمة، عفاف السيد زيدان، القاهرة، مجلس الآعلى للثقافة.

المسعودي، أبي الحسن علي بن الحسين بن علي، 2005، مروج الذهب ومعادن الجوهر، أعتني به وراجعه، كمال حسن مرعي، بيروت، المكتبة العصرية.

مسكوية، أبي علي احمد بن محمد بن يعقوب، (2003)، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تحقيق، سيد كسروي حسن، بيروت، دار الكتب العلمية.

المقريزي، تقي الدين احمد بن علي بن عبدالقادر، (1996)، اتعاظ الحنفا بأخبار الائمة الفاطميين الخلفا، تحقيق، محمد حلمي محمد، قاهرة، مطابع الاهرام التحارية.

مؤلف مجهول، القرن السادس الهجري/ الثاني عشر الميلادي . (١٣١٨هـ.ش)، مجمل التواريخ والقصص، مركز تحقيقات رايانه، اصبهان، ناشر چاپي بي جا.

النرشخي، أبي بكر محمد بن جعفر، (١٩٩٣)، تاريخ بخارى، تحقيق: أمين عبدالمجيد بدوي و نصرالله مبشر الطرازي، الطبعة الثالثة، القاهرة، دار المعارف.

النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب، (2004)، نهاية الأرب في فنون الأدب، تحقيق، نجيب مصطفى فواز و حكمت كشلي فواز، بيروت، دار الكتب العلمية .

الهمذاني، محمد عبدالملك، (د. ت)، ذيول تاريخ الطبري (تكملة تاريخ الطبري)، تحقيق: محمد أبوالفضل ابراهيم، مصر، دار المعارف.

ياقوت الحموي، شهاب الدين أبي عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي، (١٩٧٧)، معجم البلدان، بيروت، دار صادر.


### دووەم: ژێدەرە نوێیەکان

#### بەزمانی کوردی


پۆلادیان ، ئارشاک، (٢٠٠٨)، کورد لەسەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی دەیەم، و، جەلیل کاکەوەیس، چاپی دووەم، هەولێر، کتێبخانەی ئاوێر.

ڕۆژبەیانی، محمد جمیل، ١٩٩٦، مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری، بغداد، دار الحرية للطباعة.

زەینەڵ، ئاراس فەریق (٢٠١٢)، دیبلۆماسییەتی کورد لە سەردەمی بوەیهییەکاندا، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

صدیق، زانا ئەکرەم، (٢٠٢٤) هاوسەرگیریی سیاسی لە دەوڵەتی سەلجووقیدا، پرۆژەی ئاگا.

مینۆرسکی، ف.ف (٢٠٢١)، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، وەرگێڕانی: عەلی نادر، سلێمانی، دەزگای ڕۆشەنبیری جەمال عیرفان.

نامق، سامان، (٢٠٠٦)، هاوسەرگیریی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، هەولێر، چاپ وپەخشی نارین.

نەقشبەندی، حسام الدین علی غالب، (٢٠٠٨)، شارەزوور و لوڕستانی باکور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی و شارستانی)یە، وەرگێڕانی: ڕەنج ئەبو بەکر محەمەد، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.

هەروتی، مەهدی عوسمان، (2008)، ڕۆڵی سەربازی کورد لە دەوڵەت و میرنشینە ناکوردیەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، دهوك، چاپخانەی خانی.

یاسین، هەمزە کاکە، (٢٠١٢)، حلوان لەسەردەمی خەلافەتی عەباسی تا ڕوخانی میرنشینی عەنازی (١٣٢- ٥١١ک/ ٧٥٠- ١١١٧ز) لێکۆڵینەوەیەکە لە مێژووی سیاسی و شارستانییەت، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

### به زمانی عەرەبی

ابن اسفنديار،بهاالدين محمد بن حسن، (٢٠٠٢)، تاريخ طبرستان، ترجمة وتقديم، آحمد محمد نادي، القاهرة، المجلس الآعلى للثقافة.

الجابر، ابراهيم جابر، (٢٠٠٥)، النقود العربية الأسلامية، طبعة الثالثة، جزء الثالث، الدوحة، المجلس الوطني للثقافة والفنون و التراث ادارة المتاحف والأثار.

حسن، حسن ابراهيم، (1996)، تاريخ الاسلام (السياسي والديني والثقافي والاجتماعي)، ط14، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.

زامباور، ادوارد، (١٩٨٠)، الأنساب والاسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، ترجمة: زكي محمد حسن بك و حسن أحمد محمود، بيروت، دار الرائد العربي.

الزهراني، محمد مسفر، (1980)، نظام الوزارة في الدولة العباسية 334-590ھ (العهدان البويهي والسلجوقي)، د.م، مؤسسة الرسالة.

شلبي، أحمد، (٢٠٠٩)، موسوعة تاريخ الاسلامي العصر العباسي، الطبع الثاني العشر، دار اسامة للنشر ولتوزيع، عمان.

الطائي، سعاد هادي حسن و العنبكي، شيماء فاضل عبدالحميد، (2020)، دراسات في تاريخ المشرق الاسلامي، بغداد، دار المكتبة العدنان.

عبد الحافظ، محمود عبدالله مهدي، (٢٠٢٠)، الزواج السياسي في اوروبا العصور الوصطى (٤٩٢- ٧٧٠م)، دمشق، نور حوران للدراسات والنشر والتراث دمشق.

عطا، زبيدة، (د.ت)، الترك في العصور الوسطى، د.م، دارالفكر العربي.

على، وفاء محمد، (١٩٨٨)، الزواج السياسي في عهد الدولة العباسية، الدار الفكر العربي، القاهرة.

علي، وفاء محمد، (1991)، الخلافة العباسية في عهد تسلط البويهيين، الاسكندرية، محطة الرمل المكتب الجامعي الحديث.

فامبري، أرمانوس، (١٩٨٧)، تاريخ بخارى منذآقدم العصور حتى الحاضر، ترجمة، أحمد محمود الساداتي،القاهرة، مكتبة النهضة الشرقية.

قوصى، عطية، (١٩٩٣)، تاريخ الدول المستقلة في المشرق عن الخلافة العباسية، القاهرة، مكتبة دار نهضة العربية.

لين بول، أستانلي، (1968)، طبقات سلاطين الاسلام، ترجمة، للفارسية، عباس اقبال، ترجمة عن الفارسية، مكي طاهر العكبي، حققه و قابله، علي البصري، بغداد، مطبعة البصري.

مرعي، فرست، (٢٠٠٥)، الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دهوك، دار سپيريز.

## سێیەم: نامە زانکۆییەکان

### أ- بەزمانی کوردی:

مصطفى، محیب قادر، (٢٠٢١)، میرنشینی کاکەوەیهی لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیاکان (لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی الزواج السياسي وأنواعة بين الامارات الكردية وخرجها في القرنين الرابع والخامس الهجريين و شارستانییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

### ب- بەزمانی عەرەبی

الصاعدي، خالد بن محمد بن عليان،(1990)، جهود العلماء في الحفاظ على كيان أهل السنة في العصر البويهي 334-447ھ، رسالة ماجستير، الجامعة الاسلامية بالمدينة المنورة، قسم الدراسات العليا.

عسيري، مريزن سعيد مريزن، (1985)، الحياة العلمية في العراق في العصر السلجوقي، أطروحة دكتوراه، جامعة أم القرى، قسم الدراسات العليا الخضارية.

## چوارەم: گۆڤارە زانیستییەکان

### أ- بەزمانی عەرەبی

أمين، حسين، (١٩٨٠)، الدولة السامانية، مجلة المؤرخ العربي، العدد الخامس عشر، مجلة تصدرها الآمانة العامة لاتحاد المؤرخين العرب، بغداد.

البري، هايل مضفي، العزام، صبحي محمد، (٢٠١٥)، الزواج عند العرب قبل الإسلام " دراسة تاريخية في القواعد والمراسم والطقوس، المجلة الارونية للتاريخ ولاثار، المجلد ٩، العدد١ ، الجامعة الآردنية.

حميد،مها سعيد، ٢٠٢١، المصاهرات السياسية في الموصل ما بين القرنين 4-7 ه-10-13م، المجلة الدراسات التاريخية والحضارة، جامعه تكريت، مركز صلاح الدين الأيوبي.

رمضان، عاطف منصور، (٢٠٠٥)، اضافات جديدة للنقود بني كاكوية، مجلة كلية الآداب، سوهاج- الآسكندرية.

سعيد، عمر آحمد، (٢٠١٣)، موقف امارة البطائح الشاهينية من البوهيين، مجلة التربية للعلوم الآنسانية. المجلد ١، العدد ٣، العراق.

سعيد، عمر آحمد، (٢٠٢٠)، آل مسافر السالاريوون وعلاقتهم الحربية – السلمية مع الآمير ركن الدولة البويهى (٣٣٧- ٣٨٠هـ/ ٩٤٨- ٩٩٠م) مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، المجلد ١، العدد ٣.

سعيد، عمر آحمد، (٢٠٢١)، العنازيون وعلاقتهم مع البويهيين (٣٣٩- ٤٤٧هـ/ ٩٥٠- ١٠٥٥م)، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، جامعة تكريت، العراق.

سلام، صلاح خليل ابراهيم، (٢٠١٤)، امارة عمران بن شاهين بالبطائح (٣٣٠- ٣٧٦هـ/ ٩٤١- ٩٨٦م)، مجلة كلية الآداب، العدد السابع والثلاثون، جامعة بنها.

سمسم،عبد المعطي بن محمد عبد المعطي، (٢٠١٤)، الزواج عند العرب في العصر الجاهلي بين الروايات التاريخية والمصادر الأدبية: دراسة مقارنة، journal of medieval and Islamic history volume 8، issue 1.

ضاحي، فاضل جابر، مصطاف، ثامر نعمان، (٢٠٠٧)، الزواج السياسي في عصر المماليك البحرية( ٦٤٨- ٧٨٤ هـ)، مجلة كلية التربية، المجلد ١، العدد ٢، جامعة واسط.

ككو، كريم محمد، السروجي، أردلان اسماعيل عمر، (٢٠١٩)، بدر بن حسْنَويه الكردي وأعماله الخيرية (٣٦٩- ٤٠٥هـ/ ٩٧٩- ١٠١٤م) "دراسة تأصيلية تأريخية"، مجلة اداب الرافدين، العدد ٧٩، كلية اداب، جامعة الموصل.

محي الدين، عطا عبدالرحمان، اسماعيل، صلاح كانبي، مصطفى، شوان عثمان، (٢٠١٩)، الزواج السياسي وأنواعه بين الإمارات الكردية وخارجها في القرنين الرابع والخامس الهجريين، مجلة كلية التربية،العدد الرابع والثلاثون، جامعة واسط.

### ب- بەزمانی فارسی:

نژاد و پات، پریسا قربان، فريبا (١٤٠٠هـ. ش)، كاركرد ازدوا جهاى سياسى در تنظيم روابط حكوم تهاى متقارن از قرن 7- 4ق با تكيه بر تواريخ عمومى،تاريخ ايران: دوره 14 ، شماره 1، بهار و تابستان 1400 ، صفحات 25 – 44.